
# جەزا چنگیانی

## چوارنان



رۆمان

١٩٩٩

بڵاوکردنەوەی لە سەر ئینتەرنێت: کۆمەڵەی وەشانی دەنگی کورد
www.dengekurd.com
Published on the internet by:
**KOÇER Publishing Association, 2000**

P.O.Box 150, 15141 Lahti - Finland
kocer@mail.com

ئەم بەرهەمە پێشکەشە  بە ! ـ

١ )  ئەو دوو مرۆڤــە مەزن و جەربەزانەی  فرەتر لە  ( ٧٠ ) ساڵ لەمەو بەر دوای  خەباتێكی  درێژی  چەند ساڵە  و زاڵبـــــوون  بەسەر پەیـــــــــوەندییە  كۆمەڵایەتیە چەوتـــــەكانی  ئەو سەردەمە ، لەئەنجامی  خۆشەویستیەكی  مەزنەوە  زەماوەندیانكرد و تا دواچركەی ژیانیشیان بۆ خۆشەویستیەكەیان بە ئەمەك بوون  ...... ( دایكم و باوكم)٠

٢ )  بە هاوژینە دلـــــــۆڤانەكەم (   Renate  ) ی

## پێشەکیەکی کورت بە کوردی  و دوا ووتە بەئەڵمانی

لەم کۆمەڵە کورتە چیرۆکەدا ، دوولایەنی چەوساندنەوەی مرۆڤی کوردم بەسەرکردۆتەوە ٠

١ ) چەوسانەوەی سیاسی ، بەهۆی چەوتی ئاوزان و نزمی ڕەوشتی مرۆڤایەتی کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان و پارتە کوردی یەکانەوە ٠

٢ ) چەوسانەوەی کولتوری و مەزهەبی ، بەهوی نزمی هوشیاری و لاوازی رۆشنبیری خودی مرۆڤی کوردەوە ٠

( من مەزەنەم وایە کولتور و مەزهەب و بیرێکم لا پەسەندە و ڕێزی لێدەگرم ، کە نەبێتە لەمپەڕ لەبەردەم ئازادی و ویست و حەزەکانمدا ، بەلامە وە گرنگنیە نەوەکانی پێش من چۆن لە چ کولتور و مەزهەبێک گەیشتوون ، من مرۆڤی سەردەمی خۆمم و هەر کولتور ومەزهەب و فەلسەفەیەک بمچەوسێنێتەوە دژی دەنووسم و دەوستم . لە کۆمەڵگای کوردەواری و ئیسلامیدا نووسین و ڕاوێژکردن ، تۆێژینەوە لەمەڕ سێکس بەرگی تابویان بە بەرداکردوە هەمیشە ئەو پرسیارە لای من پێویست بووە و لە زۆر شۆین و بوونیشدا کردوومە ، بۆچی شەرم لە نووسین و باسکردنی پرۆسێسێک بکەم کەمن و هەموو مرۆڤایەتی و زیندەوەرانی

گۆی زەوی بەری ئەو پرۆسێسەن ؟؟؟؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ناهوشیاری کۆمەڵ و دیکتاتۆریەتی مەزهەبە ٠

سەمەرە لە وەدایە پێغەمبەری موسوڵمانەکان ٠( محمد ) تاتوانای سێکسی هەبووە ( ٤٤ ) ژنی هانی و یاسای نامرۆڤایانەی ( لە ژنی زیاتر ) ی بۆ پیاوی موسوڵمان کرد بەدیاری و وەوکی چەکوشی چەوسانەوەی ئافرەت و دەرکردنی ئافرەت لەسنوورە مرۆڤایەتیەکان و شوبهاندنی بەکاڵای چیژ و ئارەزوو شکێنەری پیاو ، کەچی لەگەڵ ئەو هەموو پێویستیەی پیاوی موسوڵمان بۆ ئافرەت هەر پیاوی موسوڵمانە و یاسای ئیسلامە باسکردنی سێکسی تابوکردوە ، بەزۆر پەچەو سەرپۆشی داوە بەسەر ئەو بوونەدا کە سەرچاوەی بوونی مرۆڤە و ئۆقرەی ڕۆحی پیاوە ، من یەکێکم لەو کەمە نووسەرە کوردانەی بوێرانە لەم کۆمەڵە کورتە چیرۆکەدا زۆر بەراشکاوی و ڕیالستانە وێنە سێکسیەکانی مرۆڤم نووسیووە ، بەم هۆیەشەوە بەشێکم لە چەوسانەوەی ئافرەتی کورد ئاشکراکردووە ، ئەم هەڵوێست و کارەشم لە بڕوای شۆڕشێکی ڕۆشنبیری کوردیەوە سەرچاوەی گرتووە ٠

شێخ تەهـا
پێشکەش بە خاتوو ( زینەب ) ی پاڵەوانی

رِاستە قینەی ئەم چیرۆکـــــــــــە

ســــەری شـــەشـــــەمـــــین جـــارە سکی پرِدەبێ ..... لەدوای سکی سێهـەمـیـەوە سەرما کاری تێکردووە و نیوە ئیـفلیج بووە ... لەگەڵ هەمـوو هەنگا و پەل جـوڵاندنێکیـدا گشت ئێـسـقـانەکـانی لەشی دەیزریکاند . بەیارمــەتی مـێـر منداڵەکـانی هەڵدەسـایە ســەرپێ و تـادەگـەیشـــتــە بەردەم بەلوعــە و ئاودەســتــەکــە دەبوایە دەســتی بەدیوارەکانەوە بگرتایە . پێنج منداڵی سەرو پێچکەو ژنێکی ئیفلیچ

و موچەیەکی کەمی فەڕاشی شێخ تەهای تووشی تەنگە تاوی ئابووری و گوشینی گەدەی خۆی و ماڵ و منداڵی کردبوو ، لە نێوان ئارەزووی سێکس و ترس و گۆناهی لەبەکارهێنانی حەپی منداڵ نەبوونیشدا دامابوو .... وەچەی شێخانی بەرزنجەیە و حەپ خۆاردنی بەتاوانێکی گەورەی خودایی و ( قتل ) ی دادەنێ . گێشتا شەڕواڵەکەی هەڵنەکێشابۆوە و تەڕایی ناوگەڵیان نەسڕی بوو ، لەژێر لێفە چڵکنە ئەستورەکەوە خاتوو زێنەب بە بڵمەبڵم و بۆڵەوە سکاڵا سواوەکەی دوای هەموو سیکسێکی جارانی بەگوی شێخ تەهای میردیدا چرپاند .

ـ پیاوەکە ئەم هەموو منداڵە و .........

بەدەم بەندەخۆێن بەستنەوە قسەکەی پێبڕی .

ـ ئافرەت کەرمەبە خوا گەوەرەیە و سەری بێ ڕزق لەژێر خاکدایە ( سەرێکی بۆ بنمیچی ژوورەکە بەرزکردەوە ) .

زینەب ( لەژێر لێوەوە ) ووتی

ـ ئەی کوا ڕزقی ئەم پێنچ منداڵە ؟؟؟؟ !

ـ ( خێرا پەشیمان بووە ) خوایە لێم نەگری نەگری تۆبە . ( پشتی لە شێخ تەهاکردوو لە ژێر لێفەکەدا خۆی متکرد )

تەباخێکی نەوتی چڵکنی سەوزی چینی لە سوچێکی لای ڕاستی ژوورەک و لە ژێر ڕووناکی تاقە پەنجەرەی هۆدەکەیاندا لە تەک کۆمەڵی پیاڵەی تەڵخ و قۆری و کترییەکی ئاوی ڕەشهەلهاتوو و سەرهەویرێ نانی لەدەووری خۆی کۆکردبووە ،

دووکۆڕە مێر منداڵەکانی لە قوتابخانە هاتنەوە و بە پرتاو خۆیان بە ژوورەکەدا کرد . بابەتی قوتابخانەیان لە سووچێکی ژوورەکەدا توڕداو لە دەووری تەباخ و سەرهەویرە نانەکە چوارمشقی دانیشتن و یەک دوو پارو نانی وشکیان گلاند........ دووپیاڵە چاو قاپێ ماستی خستە بەردەمیان دوا پارویان قوتتنەدابوو لوولە گوڵەبەڕۆژەکانی بۆخستنە سەر سینیەک و ڕەوانەی کۆڵانە هەژارەکانی مەڵکەندی کردن . ئیفلیجی دەستی سەرمایەو بۆیە دەرگا و پەنجەرەی تاقە ژوورەکەی کوونبڕکردبوو ، پاشماوەی دووکەڵی گوڵەبەڕۆژەی برژاو و تەباخە چینیەکە هەناسەیی تاقە ژوورەکەیانی خنکاندبوو .... بەفرێکی تەنک گوێسەوانەوە ڕووی

پێـڕە و جـادە و کـۆڵانەکـانی سـپـیکردبوو ، کـزەبایەکی سـارد وتیـژ چۆڕاوگـەی گـوێسـوانەو ەتکە ئاوی دەمی بەلووعـا و تەڕای کـۆنکرێتی حەوشەکەی بەستبوو ٠

شێخ تەها دوای پاکردنەوەی پۆل و حەوشەی قوتابخانەکە و ژووری مـامـۆسـتـاکـان بەسکی بەتاڵ و مـاسـولکەی مـاندووە وە بەنێـو گـەروی تەزیوی شاردا لەسەرشەقامەوە تا مەڵکەندی بەپێی دەیبڕی ئەم ڕێپوانە ببوە پیشەیەی ڕۆژانەی ،

ـ ئەو مـسـتـە پارەیەی مـانگانە دەبێ بیـدەم بەکـرێ هاتووچۆ کـۆی دەکـەمـەوە ، هیچ نەبێ دەتوانم کـیلۆیەک گـۆشـتی پێـبکڕم و دەمی منداڵەکـانی پێـچەوربکەم ، لەگەڵ ئەم سەرگـورشتـە و سەرگـەرمیـەدا گـەیشـتـە بەرمـاڵەوە و بەئەسـای هەنگاوەکـانی بەسـەر کـۆنکرێتـە سەهۆڵبەندەکەی حەوشەکەدا دەنا ، ( ئێستا زێنەب شۆربایەکی گەرمی لێناوە و گـــەدەی بەتـاڵ و هەناســەی ســاردی پێگەرم دەکـــەمــەوە ......ئیفلیجی و گوڵەبەڕۆژەبرژاندن و ئەرکی ماڵ و خزمەتی پێنج منداڵ و ترسی خواش لە هەمووی گەورەتر و نەوەی شیخانی کرپچنەیەو دەبێ لەکـاتی خـۆیدا نوێژەکـانی بکات ئەمـانە خـاتوو ( زێنەب ) ی لە دروستکردنی شۆربای گەرمی خەیاڵی شێخ تەها دواخستبو ٠

ـ کچم زێنەب نوێژی قەزا پیرۆزی لای خوا هێندەی نوێژی حازر نیە .... بۆیە گەردەتەوی خۆا لێت قبولبکات ئەوە نوێژەکانت لەکاتی خۆیدا بکە ! ئەمانە قسە و ئامۆژگاری خۆالێخۆشبووی دایکی بوو وەک ئەو پارچە پەتەی لەجیاتی گۆارە ئاڵتوونە خواستراوە بوکێنیەکەی لەگوێ گرتبووە . لەبەر ئیفلیجبوون و ئازاری پشت و جومگەکانی بە ئاسای نوێژی بۆ نەدەکرا ٠ لە سەر بەرماڵەکە بە چیچکانەوە دانیشتبوو سەر و قـژی بەسـەرپۆشـێکی سـپی جـەڕاندبوو و هەناسـەی لە دوا تووکی و مۆەکانی سەری بڕیبوو واتوندو و تۆڵ سەر وکەللەی پێچابووە دەتگووت بەڕاستی بەرامبەر خوا ڕاوەستاوە و ئایەتە قورئانیەکانی بۆ دەخوێنێ ٠

شـێخ تەها دەرگـای ژوورەکـەی ئاوالەکـرد و خـۆیکرد بەژووردا و بەچمکێکی جامانەکەی تەڕای لووت و چاوەکانی سڕی و بەنیازی بۆنی شۆربای گەرمی خەیاڵی هێندەی قەبارەی کوونە لووتەکانی بواریاندا

هەوای ژوورەکەی هەڵمژی . لەبۆنی گوڵە بەرۆژەی سوتاو برژاو زیاتر هیچ بەکەناڵەکانی لووت و مێشکیدا نەچوو ....چاوی بەدەوری تەباخە کەدا گێڕا مەنجەڵە شۆربای نەدی و چاوەکانی چووەپشتی سەری و کۆمەڵە تیشکێکی تورە و غەزەب لەچاوەکانیەوە و بەرەو خاتوو زێنەب کشان و بەتیلە ی سەیرکردنێ بە چاوەکانی خاتووزێنەبدا چزان ، خاتو ( زێنەب ) لە یەکەم شەوی زاوایەتیانەوە بە ئازاری شەق و مشتەکۆڵە وزللەکانی شێخ تەهای مێردی ئاشنا ببوو بۆیە لە جیاتی خوێندنی ئایەتەقورئانیەکان لەژێر لێوە وە کەوتە پاڕاناوە لە خوا و شێخانی کرپچنە و بەرزنجە ئیمشەو لە لێدانی شێخ تەهای مێری دووربێ و غەزەبی چاوەکانی سارد ببێتەوە و ڕەحمی خوا بچێتە دڵیەوە . لە دوا ڕکاتی نوێژەکەیدابوو بەچیچکانەوە سەری بۆ سوجدە دانەواندەوە ناوچەوانی لەبەرماڵەکە نزیککردەوە .

شێخ تەها ( بە پێڵاوە لاستیکە ڕەقهەڵهاتووەکانی ناو چڵکاوی بەفراوی شەقامەکان تا هێزی تێدا بوو پالەقەیەکی لەگرێژنەی پشتی داو پاژنەی پێڵاوەکانی کردە کوتەکێک و بەتووندی لە پشت و ملی سرەواند و بەسەر بەرماڵەکەدا بەدەمدا خستی و ڕقی برسێتی و سەرما و هاواری گەدەی برسی کردە کۆمەڵە شەقێک و وەک بەرەیەکی تۆزاوی بتەکێنی هاتە وێزەی خاتوو ( زێنەب ) .

مندڵە شیرەخۆرەکەی و کچە تازە پێکردۆکەی کەوتنە زاق و زریق وگریان . خاتوزینەب لەبەر دەمی شەپۆلی شەقەکانیدا بەبێ جوڵە و بەرگری و تکا گرمۆڵەببوو ، وەک جاری جاران بەقوربان بەساقە و وتکاو نزای شێخانی بەرزنجەی لێنەدەکرد و دەستەکانی نەدەکردە قەڵغانی شەقەکانی ، تا پلەی گەرمای قینەکەی هاتە خوارەوە لە شەقلێدان و لەقەهاویشتن نەوەستا ، ترپەی دڵی و هەناسەی سنووری ئاسایی بڕیبوو ...بە پێوە ڕاما و چاوەکانی بڕیە لاشەگرمۆڵەبووەکەی خاتووزێنەبی ژنی ... قیژەو و هاواری مندالەکاانی هەراسانیکرد ... دانەویەوە و مندالە شیرە خۆرەکەی لە باوەشکرد و . کەمێک لە خاتووزێنەب نزیکبووە و بە نووکە شەقێکی نەرم جوڵاندی .

ـ زێنەب...... زێنەب .

خـاتووزێنەب هیچ دەنگی لێـوەنەهات و شـێخ تەها وەک گـەرەکی بێ پرسیارێک بکات ئاوڕێکی گوماناوی لە کچەکەی تری دایەوە کە لەترسا و لە سووچکی ژوورەکەدا و خۆی حەشاردابوو هەنسکیدەدا و چمکێکی کـراسـەچڵکنەکـەی لەدەمـخـزاندبوو ، لە ترس و فـرمـێـسک زیاتـر هیچ وەڵامـێکی لە چاوەکانـیدا کۆنەکـردەوە ، ترسێکی گەورەی لێنیـشت و دانەویەوە بەئەسپـای دەستی بۆ لای سـەری برد و سەریلارکردەوە .... چاوەکـانی ئەبلەق ببـوون ، پـاڵێکی پیـوەنا و بەلاداخـسـتی و کـەوتە سـەرپـشت . دەسـتـەکـانی بەساردەوەبووی ترازانە سـەر بەڕە دڕاوەکـەی ناوەڕاستی ژوورەکە کچە تازە پێگرتووەکەی بە گـاگۆڵکێی بەسەر بە.ڕە کەدا خۆیخشـاندوو خویگەیاندە دایکی و باوەشی بەسەکە بەرزبووەکەی دا کرد و سەری هەنسکاوی لەسەردانا ... چەندجارێکی تر شێخ تەها هاواری لێکرد .

ـ زێنەب ... کـچیێ زێنەب ( پێـسـتی ڕووی سـپی هەڵگەڕا ) دەسـتـێکی بەدمـوو چاویدا هانی و لووتی سڕی و دەسـتـە چڵـمـاویەکـە بەشانی منداڵە شیرەخۆرەکەی باوەشیدا سڕی ، دەستەکانی کەوتنە لەرزین و لێوەکانی هەڵبزڕکان و ترس هەمـوو جەستەی داگیـرکرد و پەشیـمـانی کردە خێوەت و بەکەساسی تێدا هەڵنیشت .

ـ لەشۆێنێکی خراپیمدا ( ئامۆژگاریەکەی مامۆستـا هوشیاری هاتەوە یاد ) .

ـ کە لە منداڵدەەن ووریابن لە شۆێنی خراپی نەدەن ... بڕبڕەی پشت و پشـتی ملی مـرۆڤ بڤـەیە ... کـۆمـەڵی ئێـسـقـانی ووردو ڕەگی دەزوولەی تێـدایە کـە پچـڕان و لەیەک ترازان مـرۆڤ لەکـاردەکـەوەێت و ئیـفلیـج دەبێ . قـیـژەقـیـژی کـچـە پچکۆلەکە و هاواری یەک لەدوایەکی شـێخ تەها باجی سـەبری دراوسـێی ژووریانی گـەیاندە بەر پەنجـەرەکـە ، سـەرێکی لارکـردەوە خـاتـوو زێنەبی بەڕاشکاوی بینی و بەپرتاو خـۆی بە ژوورەکەدا کرد .

ـ هەی نامەردت نەکەن پیاو .... دیسانەوە بێزارتکردووە ..... ؟!

خۆتۆ لای خۆی شێخیت و بەنەوەی شێخانی بەرزنجەوە خۆ بادەدیت ؟

چۆن دەست دەچێتە ئەو نیو مرۆڤە ئیفلیجە بەسزمانەوە ؟!

ـ سەبریخان بەجەدەی باو باپیرانم سوێندەخۆم لێم نەداوە ... پەنچەی دەستم بەرینەکەوتووە ...!

سەبریخان ئەم دیوو و ئەودیووی بەلاشەکەی خاتووزێنەب کرد ... دەستە ساربوەکانی ڕاتەکاند و چەند جارێ بەئەسپایی لەڕوومەتە قلێشاوەکانی دا ... نە دەنگی هەبوو نە جوولە ۰ یەک دوو چەپۆکی بەڕانیدا دا و سەرێکی بۆ شێخ تەها لارکردەوە.

ـ ماڵوێران خۆم چیتکردووە ، واللەی کوشتووتە ۰

ژنانی گەڕەک بەسەریاندا ڕژان ... قەومووقیلەی شێخ تەها ئاگادارکران ... بەخێرای دەنگی مردنی خاتووزێنەب گەیشتە دوا خانووی گەڕەک ۰ بەپەلە دوومەنجەڵ ئاویان گەرمکرد ... کفنیان بۆ ئامادەکرد و دوو پیاویان نارد لە گردی سەیوان گۆڕیکی ئامادەی هەرزانیان بۆ کرێ ۰

بەڕووتی لەسەر تاتەشۆرەکە ڕایانکێشابوو ژنانی گەڕەک وەک چیغێک دەوریانگرتبوو ، جێ لەقە و شەقەکانی شێخ تەها لە نێو کزەبا تیژە کەدا ووردە ووردە ڕەنگی تۆختر دەبوو ، باجی ئامینی سەرەژنی گەڕەک قۆڵی هەڵگرتبوو فەقیانەکانی خستبووە پشتیەوە بسم الله یەکی کردوو یەک دوو جام ئاوی بە لاشەکەدا کرد و بەخێرایی هاڵاوی ئاوە گەرمەکە بەرەو قوڵای ئاسمانی حەوشەکە دا کشا ۰

باجی سەبری بەچمکێکی فەقیانەکەی فرمێسکی چاوەکانی و تەڕای لووتی سڕی وەک بیەوێت نهێنیەکەی دڵی ئاشکراکات ـ ( بەنوکو نوک و لەژێر لێوەوە کەوتە نزا لە شێخ تەها )

ـ دەک ئیفلیج بیت پیاو وەک ئەو ئیفلجەت کوشت و ئەو منداڵانەت بێ نازکرد ۰ ( چاوێکی بەناو چیغی ژنانی گەرکدا کێشا ۰ )

نەفیێخانی خوشکی شێخ تەها وەک دەمێک بووبێ چاوەڕی ئەم مردنەی کردبێ نە ئازارێ و نەغەمێ لە ڕوویدا نەدەبینرا لە هەموو ژنانی گەڕەک زووتر لە نزا بێدەنگیەکەی سەبریخان گەیشت مۆڕەیەکی لە سەبریخان کرد و ( بەدەنگێکی بەرز ) ووتی ۰

ـ دەمێکە ئیفلیج و نەخۆشە .... باشتر خوا ڕزگاریکرد ۰

لەناو ژنانی گەڕەکدا چاوی گەشی تازە بووکێکی خوێندەوار بەڕەگە هەڵهاوسەکانی دەستی خاتوو زێنەب و جوڵەی سکە هەڵهاتووەکەیدا نیشتەوە و ختوکەی پرسیارێکی لا دروستکرد .... دانەوەیەوە و پەنجەی لەڕەگە هەڵهاوساوەکانی دا قژە ئاڵۆسکاوەکەی خاتووزێنەبی لا برد و پەنجەی خستە سەر ڕەگی لا ملی ... بەپرتاو وسەرسۆڕمانەوە هەستایە سەر پێی و زریکەیەکی کرد و ژنانی گەڕەکی ڕاچڵەکان .

ــ نەمــردووە .... لە هۆشــخــۆی چوە .... بوراوەتەوە .... ئەوەتا ڕەگی ملی ووزەی تێدایە . مەیشۆن تکا یە بیبەن بۆ نەخۆشخانە .

پرو پیرێژنی گەڕەک تازەبووکیان کرد بەکێودا

ــ ئاخر زەمانە ئاخر زەمان ئەم قاچڕووتانە دنیایان خراپکردووە .....

تازە بووکەکە سووربوو لەسەر هاوارەکەی چاوە ڕەشە ماسکراوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک ، بە ناو ژنانی گەڕەکدا دەگێڕا و دەستەکانی هەڵدەسووڕاند و دەیویست بەهەر شێوەیەک بێ زۆرترین بەزەییان کۆبکاتەوە ، .

ــ توو خوا گوناهە ئەو بەسزمانە سکی پڕە سەیرکەن منداڵەکەی سکی گەورە و دەجوڵێ هیچ نەبێ لەبەر خاتری ئەو منداڵە بیبەن بۆ خەستەخانە

ــ ( نەفێخان بەڕویدا هەڵشاخا ) کچم بۆ بەپەنگمان نادەی ئەو گوناهەشمان ناخیتە ئەستۆ ... خەستەخانەی چی ؟ و تەڕەماشی چی ؟ خەستەخانە وەک قەسابخانەی لێهاتووە جەرگ و دڵی دەردەهێنن و دەیفرۆشن ... کچم بۆ وازمان لێناهێنی بەرێک وپێکی و شەرعی ئیسلام و قورئانی پیرۆز بینێژین ... ( برۆکانی هانیەوە یەی وەک بیەوێت چرکریەک زوتر لەکۆڵیان بێتەوە ) چەند ساڵە ئیفلیج و نیوە مردووە .

ــ خەڵکینە بڕوابکەن ئەوە زیندە بەچاڵکردنی خۆی و منداڵەکەیەتی .

یەکێک لەناو ژنانی گەڕەکدا هەڵیدایە و

ـــ بسم الله ، لەم ڕۆژە تێکەوتووین هەر دووڕۆژ دەچنە قـوتابخـانە دەبنە دکـتـۆر و مامـۆسـتـا لێـمان ، وادەزانن هەرچی نەخـۆێندەوار بوو کێویە و هیچ نازانی . کە دایک مرد مندالّەکەی سکیشی دەمرێ ... بەزیندویی کفنیـان بەبەری خاتووزینەب و مندالّەکەی سکیـا کرد ٠ هەر ئەو ئێـوارەیە هێـشـتـا تاریک و ڕوون بوو بەزیندووی لەگـۆڕیان نا .... ووردە ووردە قـەومـوقـیلەی شـێخ تەها و دانیـشـتـوانی گـەڕەک ژوورە چلّکنەکـەی شـێخ تەهایان خـێـهـێـشت .... مندالّەکـانی لالّە پالّ هەرەیەکە لە سوچێکی ژوورەکەدا پالّ کەوتبوون ، پورە نەفێ کچە شیرە خـۆرەکـەی لە باوەشگرتبـوو ، شـێخ تەها لەسـەر دۆشـەکـلّـەیەک جیجکەیکردبوو پشتی دابوو بە دیواری ژوورەکەدا و قاچێکی کردبوو بە کۆلّەکەی دەستە جگەرە دارەکەی و ڕانەکەی تری کردبوو بەسەرینێک ، کـچە بچکۆلەکـەی سـەریی لەسەری دانابوو ، دەنگی گریان و هاوار و قـیژە لە مێشکی بچوکیدا دەزرنگایەوە و دیمەنی لێدان زەلیلی دایکی بە بەرچاویدا گوزەری دەکرد ٠ شێخ تەها پەنجەکانی دەستی بەنێو قژە ئالّۆسکاوە و چلّکنەکەیدا دەهانی و یەکەیەک چاوی بە مندالّەکانی ناو ژوورەکەدا دەگێڕا بە نێو مێژووی خۆی و هەلّەکانیدا هەلّدەگەڕا .... ( ئەمە دوو ژن .. ژنی یەکەم بەسەر مندالّەوە مرد ..هیچی لە پاش بەجێ نەما .... زێنەب پێنج مندالّی بۆ بەجێهێشتوم چیان لێبکەم ، لە ووردکـردنەوەی ئەم پرسـیـارانەدا بوو ... کـچـە بجکـۆلەکـەی سـەرڕانی سـەری لەژێر دەسـتی باوکـیـدا دەرهانی و ئاوڕێکی لەباوکی دایەوە ، بەدەنگێکی داماوی و گریان و هەنسکەوە پرسیارێکی لە باوکی کرد ٠ ــ باوە دایە مرد ..... بێدایک چی بکەین .....؟؟؟!

پرسـیـارێک بوو هەمـوو خـوشک و براو باوکی و پورە نەفـیـەی وڕمــان .... دووکـەلّی جگەرەکـەی ناو دەمی قـەتیس بوو .... سـەیرێکی بێ وەلّامی بۆ شۆڕکردەوە و لە دلّی خۆیدا ووتـــی ٠

( ژنێکی تر دەهێنــــــم ) ٠

**چیمـــــەن**

بەکـزی و بێـدەنگیـەوە لەسـەر خڕەبەردێک هەڵـتـوتابوو ، گـوێی بۆ گفتوگۆ و مشت و مڕی پیاوانی بەر مزگەوت هەڵخست بوو ، لەناخەوە دەکوڵا ..

ــ قوڕمساخە .... قوڕمساخ دەمانزانی نەخۆشەوە نەخۆشیەکەی لێی پیسیلێکردووە و لەبەر گەنجێتی ڕووینایەت لای هەمووکەس باسیبکات ، بەزییـمـان پێـادەهاتەوە ...ئای ڕیبـواری ڕێوی ،، ئائەمکەتنەت لە ژێرسەرا بوو ... جابزانە لە دۆێنێکەوە کەس دەزانی لەکۆی ێیە ؟ ! هەی قوڕمساخ نەک ئابڕووی چیمەن و خێزانەکەیت برد .... ئابڕووی دییێەکت بژان ... ٠ خـۆی بۆ نەگـیراو بەقـەڵـەمـبازێک لە کـۆڵی خـڕە بەردەکـە

هاتەخوارەو لە ناوە.استی خەڵکەکەی بەرمزگەوتدا وەستا ٠
ــ نا ...نا ئێـوە تفـەنگ بەتاریکە شـەوەوە دەنێن ، هەرچی هەیە و نیـە مـەزەنـەیە ، مـەزەنەش ڕاست نیـە... ! دەپێم بڵـێن کـۆام لە ئێـوە چاوبینی ( گـەواهی ) ئەم کـارەساتەیە ؟! ... ها ...؟ کەس ( بەهەر چواردەوری خـۆیدا ملی هەڵدەسوڕاند و هەر جارە ڕووی دەم و پرسیـاری لەیەکـێک دەکـرد ) ... لەم وولاّتەی ئێـمـەدا چەند ؟! ها .... هەزارەها کارەسات وکوشتن و ماڵ و ێرانیمان بەسەر خۆماندا هانیوە ...هۆکەشی تەنیا مەزەنەیە .... قسە و هەڵەی پوچەڵ و بێمانا بووە ... ئەگەر ئێوە خـۆتان بە مـوسـوڵـمـان دەزانن ، دەبێ لە پێش هەمـوو ئەرکـێکەوە ڕاسـتگۆ بن ... زمـانتـان لە گـومـان و بوختـان بپارێزن ... ڕاسگۆبوون یەکێکە لە ئەرکە کانی موسوڵمان ) ئەم قسەیەی بەڕووی مەلای دێدا پژان و قەبارەی چاوەکانی بۆ فراوانکرد ...یەکێک لە ناو ڕێزی پیاوانی بەر مزگەتدا هەڵیدایە ٠
ــ مامۆستا خۆ ناکرێ پێمان بڵێت حەمەتاڵ تاوانبارە ..و ڕێبوار بێـتـاوان...؟ حەمە تالێکی خانەدان و کـوڕێکی چوار شـانە و لێـهـاتوو ...خۆشێت نەبووە بەبێ هۆ ولە خۆڕا زەماوەندی خۆی بکات بەشین ؟! ٠
ــ مامۆستا کێشەکە شەرەفە و شەرفیش گرانە !
ــ تاوانبـارکـردنی حـەمـەتاڵ بەبێ هۆ و بەڵگە وەک تـاوانبـارکـردنی ڕێبوار وکوشتنی چیمەن نارەوایە !
ــ ئەی کەواتە چی بکەین ....؟ چار چیە .... ؟ !
ــ نهـێنیـەک هەیە ، لە ئارامی و چاوەڕونیـدا ئەنجـامـەکـەیمـان بۆ دەردەکـەوێ .... ئێـمـە نەتەوەیەکی بێنەخشـەین بڕیاری کـوت وپڕ زۆر دەدەین ...زۆر هەڵەشەین بۆ شیکردنەوەی کێشـەکان بێحەوسەڵەین ئەم کێشـەیە زۆر لەوە ئاڵۆزترە لەسەر سەکۆی مزگەوتێ چارەسەربکرێ ، من دڵنیام لەچاوەڕۆانیدا ئەنجامێکمان دەستگیر دەبێ ، ئەی گـوایە بۆچی لاشـەی چیـمـەنمـان ناردووە بۆ نەخـۆشـخـانە لە شـار ؟؟ دەبیێ چاوەڕێی ئەنجـامی ڕاپۆرتی پزیشکی یاسـایی بین ... جـا ئەو کـاتە لایەنی ڕاسـتی کێـشـەکـان ئاشکرا دەبێ ... تاوانبـار دەناسرێ ٠ پیـاوانی بەر

مزگەوتی بەرەوڕووی پرسیارێکی بێوەڵام کردەوە ... بەخۆیاندا چونووە و ئەو گرو کف و تورەبوونەی لە ڕیبوارایان هەبوو هاتە خوارەوە ... کەوتنە مقۆ مقۆ لە نێو یەکتریدا ... پرسیاری چاوی یەکتریان تەتەڵەدەکرد .

ــ پیاوی چابن با پەلە نەکەین ، پەلەکردن کۆێری لە دوایە . کیسە تووتنەکەی دەرهانی و سیغارێکی پێچایەوە و سەریزمانێکی تەڕی بەقەراغی سیغارەکەدا خشاند و لوولیکرد ... ئاگریداو مژێکی قوڵی لێداو ، بە دەم قسەکردنەوە باوەشی دووکەڵی بە بادا دا .

ــ مامۆستا ئاسۆ گەنجێکی ووریایە و لەشار پەروەردە بووە ، حاجی شار وەکی دەریا وایە مرۆڤی هوشیار دەتوانی گەوهەری بیری تیا کۆبکاتەوە . وردە وردە بەدەم قسەکردنەوە بەر مزگەوتیان بەردا و بەرەو ماڵ بوونەوە .

غەمباری و ماتەمینی تەمێکی تەڵخ بوو هەموو کوون وکەلەبەرێکی دێ و دڵ و دەروونی دانیشتوانی داپۆشی بوو ... کەس ئارەزوو و تۆانای کێوکاری نەمابوو هەریەکە لەلای خۆیەوە گرمۆڵەی کۆمەڵی پرسیاری ئاڵۆسکاوی بێ وەڵام بوو .... ژنان و گەورەکچانی دێ دوو دوو و سێ سێ لەسەر حەساری خانوەکانیان هەڵتروشکاو بوون و ئەژنۆی ماتەمینیان لە باوەشگرتبوو .

ــ دەستی شکاوم بۆ ئەو هەموو جوانیەت ..... بۆ ئەو باڵا کووڵە خرپنەت .

ــ ئەی ئەو چاوە ڕەشە هەڵوژەیانەی بۆ ناڵێت ...؟ ژیریەکەی .... ئابڕۆکەی ، نەبەخۆا دایکم بەپێوە بچنە سەر قورئان بڕۆاناکەم چیمەن کاری وابکات .... دایکم ڕێبواریش ئەو گەنجە هەرزە داوێن پیسە نەبوو کاری وای لێبوەشێتەوە نەبەخوا .

دۆێنی ئەم دێیە زەماوەندی دەگێڕا و ئێمرۆ شین ... دوێنی دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و قریوەی کوڕانی دێ و تەپو تۆزی هەڵپەرکێ و غارغارێن و دووکەڵی چەند مەنجەڵ برنج و شلە ئاسمانی دێکەی خنکاندبوو .... ئیمڕۆ ماتەمینی دەستی لەملی هەموو ساتێکی دانیشتوانەکەی گرتووە ... مامۆستا ئاسۆ هەر بەیانی زوو قوتابیەکانی

ڕەوانەی مـــاڵـەوەكـــرد و ئاڵای مــاتـەمـــینی خـــۆی داگـــرت ، لە ژوورە بچكۆلانەكەیدا بەتەنیا دانیشتبوو سەری نابووە نێوان هەردوو ئەژنۆیەوە و بەبێ دەنگی و بەكوڵ دەگریا . نە چیـمـەن خۆشـەویستی بووە نە ڕێبوار هاوڕێ و براو خزمی . ئەم چاوی پێنوسێكی تیژ و مێشكێكی هوشیـاری دێ بوو ... بۆ كۆتای ئەو ڕۆمانـە ڕۆمانسیە دەگریا كە ئەم تاقـە خۆێنەری بوو ... بۆ ئەو شانۆ تراجـیـدیایە دەگریا كـە ئەم تاقـە بینەرێكی بوو ....... لە ناكاو بێ تاقەتی و چڵكنی و ڕیش نەتاشینی ڕێبــوار بووە بە جێ سـەرنجی پرسـیــارێكی قـەبەی دانیـشــتـوانی دێ گـۆڕانێكی كتـووپڕبوو بە ڕەوشت و پەیوەندی و سـەر و سیـمـایدا هات ... جـاران نەیدەهێـشـت هێندەی سـەرە دەرزیەک مـووەكــانی ڕیشی سەردەربهێنێ ، ئاوێنەیەكی خڕ و مەكینەیەكی ڕیشتاشینی ئاسنی لە باخـەڵدا بوو ، لەهەر چەم و كـانیـەک لایبـدایە ئاوێنەكـەی بەرباخـەڵی دەردەهانی و لەپیی دەستەكانی بەڕوومەتەكانیا دەخشاند و هەر كەمێک زبربایە خێرا گۆێزانێكی پیدا دەهانی زۆر جار كە لە كێو دەهاتەوە لە چەمەكەی پشت دێوە پاک خۆی دەشت ، سەریدادەهانی و كڵاوەكەی دەنا بە لایەكی سـەریەوە بەسـواری گـویدرێژەكـەیەوە بە فـیكەفـیک و وورتە گۆرانیەوە خۆیدەكرد بە ئاوایدا .... جیهانی ڕێبـوار تەنیا دێكەی و پڕشنگی چاوی چیمەن بوو ... كوڕێكی ئازا و چالاک و لە خوڕازی بوو .. مـەچەک ئەسـتــوور و بازوو پتـە و هێندە بەزەوق بوو خـەڵكی دێ نازناوی ڕێبوارە شەوقەیان لێنابوو

زەمــاوەندی ئاهەنگێ خـەتەنەسـورانێـک لە دێ بكرایە ئەوە ڕیبــوار جـلـــەوی بەزم و هەڵپـــەڕكێ وشــەوقی دێ بـوو . لەناكـــاو داتەپی .. ڕەشـهـەڵگەڕا ، مـاتەمـینی و بێـئـارەزوویی و سـەرو ڕیشـە دێوانیـەكـەی گۆڕانێكی كتو پڕ بوو ساتە وەخت لەگەڵ داواكردن و شوكردنی چیـمـەندا بوو ... داتە پیوی ڕێبۆار لەبەر چاوی هوشیارانی دێ هەڵكردنی ئاڵای خۆشەویستیـەكی دیوانەی چیـمەن بوو . كار لەكار ترازاوە و مـاوەیەكی تر دەگـۆێزرێتـەوە .. مـیـوانێكی زۆر لە دیهـاتەكـانی دەوور وپشتـەوە بۆ زەمــاوەند هاتبــوون .دێ سـەرگـەرمی مـیــوانداری و چێـشـت لێنان و

هەڵپەڕکی و بەزم بوون   تەنیا دایک و باوکی ڕێبوار و مامۆستا  ئاسۆ نەبێ  کەس ئەوداڵی بزربوونی  ڕێبوار نە بوو ، پانتایەکەی  پشت مزگەوتیان  ئاوڕشێن کردبوو ، خڕە بەرد و گڕمۆڵە گڵیان لێقەتکردبوو ... دەهۆڵ و زوڕنا گۆیی هەمــوو دانیشتوانی دێی  پڕکردبوو  ،  تاڕووناکی مۆڵەتی دا  هەڵپەین ... تارایەکی سووری بەگوڵی زەردی وررد چنراویان دابوو بەسەریدا قاچە کورتە خرپنەکانی بەسەر پشتی ماینەکەدا  شۆڕ ببووە پزووی دەرپێیەکەی  بەسەر پوزە خرپنە ئەسمەرەکەیدا  هەڵکێشراوبوون ٠ گەورەکچانی دێ و قەوموقیلەی زاوا جواردەوریان دابوو ،  تانزیک ماڵی زاوایان برد  ،  لەماینەکە دایان بەزاند و   بەئەسپای  بە پلیکانە خوار وخیچەکاندا سەریان خست و کردیان  بەژووری زاوا دا ،  ڕۆژئاوا ببوو دەنگی دەهۆڵ و زوڕنای کپ لەمێشکی ماندووی  دانیشتوانی دییێدا دەزرنگایەوە  کەنەفتی هەڵپەڕکێ و خۆاردنی چەوری زەماوەند بوون ... ترسوکای چراکانی دێ لەناو تاریکای شەوەکەدا وەنەوزیاندەدا ٠ قەوموقیلەی زاوا و گەورە کچانی دێ وردە وردە ( چیمەن ) یان لە ژووری بوکێنیدا  بە تەنیا بەجێهێشت  ٠  چرایەکی دیوارکو لە سەر چەند پارچەیەک  وەرەقی  شەوقدار  بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو  ٠  تیشکی  لە ووردە سووورمە هەڵوەریوەکانی سەر  فەرشە سورە تۆخەکەدەدا وەک ئەستێرەی شەوێکی  تاریک دەدرەوشانەوە ٠  لە دیواری شەفافی  تارا سوورەکەوە ڕووناکییەکی خستبووە سەر پێستە سپیاوکراوەکەی چیمەن و سێبەری  خاڵی وردە سوورمەکانی سەرتاراکە بەڕوویدا دابەشببوون  ، ( ئامە ) ی بەربووک   هاتە ژورەوە و بەرامبەری دانیشت  ،  خشڵەکانی لەسەر و سنگی کردەوە و ،  تاراکەی  لابرد و  دەستێکی  بەڕوومەتە سوورا وە تۆخەکەیدا هانی ٠

ــ  نامەخوا  دەڵی چەپکە گوڵی  ...(  دەستی کرد بەگیرفانی کەواکەیدا و  پارچە خامێکی  دەرهانی ) ..(.چیمەن ) کچم ئەم پارچە خامەسپیە دەخرێتە ئێرە ... نا ...نا یێستا نا ، کەمن ڕۆیشتم و حەمە تاڵ هات ... کچم  چیمەن  ئەمپارچە خامە  تەسکەرەی شەرەفی تۆ و خیزانەکەتە لە کاتی  هینا  جوان  بیخەرە ژێر سمت وکەفەڵتەوە ...  نەجوڵی ،، ؟ یەکجارە  لەژیانتا  و دووبارە نابێتەوە  ٠  کچم نەیەڵیت یەک تکە

بەخۆڕایی بڕژێتە سەردۆشەکەکە ، تا خوێنت زۆر بێ شەرفت بەرزترە !
نەترسی ئازارت نابیی ، هەریەکمجار کەمێک سامی هەیە ، دوایی کەفێر بووی و سامت شکا زۆر خۆشە ... پیاو شێتی ئەو خۆشیەیە ...
( کەمێک سەری لەسەری چیمەن نزیککردەوە و بەدەنگی نزم ووتی )
ــ گەر هوشیار بیت دەتوانی بە هۆی ئەو خۆشیەوە حەمەتاڵ بکەیت بەو ئالقەی پەنچەت ، یەخەی کراسەکەت کەمێک ئاوڵابکە ، باسنگ و مەمکت ببینێ پیاو شێتی سنگ و مەمکی ئافرەتە ... ئادەی ئەو شانەیەم بدەرێ ، تاراکەی لابرد و ( قژی بۆ داهانی ) تۆزی بۆن لەخۆت بدە ، بۆن ئارەزووی پیاو دەهاژێنێ کچم ئەوە بۆچی دەگریت ... ووتم مەترسە ئازارت نابێ ... ئادەی کوا تارا کە بیدە بەسەرتدا ... کچم پیاو بەتارایەکی سوور تۆوی دەتکێ . ( چیمەن ) لە ناخەوە دەسوتا دەبێ لەگەڵ یەکێکدا ژیان بەسەربەرم کە خۆشم ناوێ ... ئای ڕێبوّاری خۆزگەم لەکۆێت بۆ نابی بەفریشتەو لەم دۆزەخە ڕزگارم کەیت .. تف لەم ڕوەشت و نەرێتە گڵاوە . باوک و برا بڕیار لە سەرر چارەنووسی کچ بدەن ، فرمێسکەکانی بەسەرچەورایی سووراو سپیاوە تۆخەکەی سەررووومەتی ڕێچکەیان بەستبوو و ووردە ووردە دەتکانە سەرانەکانی
.ــ ( دەستێکیٔ بەسەریداهانی ) ، کچم کە حمە تاڵ هاتە ژوورەوە دەبێ لەبەری هەڵسی ... ئەمە ئوسووڵە ، دواجار لەبەردەمیدا شل ومل ونەرم ونیان بیت خۆت ڕەقنەکەی ، لەسەر پشت پاڵکەوە ڕانەکانت بەشلی بڵاو بکەرەوە ئەم پارچە خامەت لەبیر نەچێ دەخرێتە ئێرە ، شەرەفتە ، شەرەف ( ئاورێکی لە غەڵبەغەڵبی ئەو دیوو دەرگاکە دایەوە ... ) کچم درنگە حمەتاڵ ئۆقرەی لێهەڵگیراوە چاوەڕوانە . ( هەڵسایە سەرپێ و چرای ژوورەکەی کەمێک کزکردوو ) تۆزیکی تر دێمەوە ، ئامەی بەربووک چووەدەرەوە .
چرکە ساتێکی بەسامە تالی نزیک دەبوەوە ، ئازاری دەرون و گوشینی مێشکی زیادیدەکرد ...چی بەسەردێ و چی لێدەکرێ ؟ کێ دەبێتە مێردی ؟
حەمەتاڵ لەسەر حەسارەکە و لە تاریکای شەوەزەنگە کەدا وەستابوو حەمەلاوی برای دەستی لەملی کردبوو .

ـ حەمە گیان بەقوربانتبم شێر بیت .. یەک چرکە زیاترت پێنەچێ ... سەرمان بڵندکەی .بەدەم ئامۆژگاریەوە تا بەردەرگای ژوری زاوایەتی بردی ئەمـلا و لای مـاچکرد و هەروەک بۆکـارێکی گـرنگی خـێـزانی ڕەوانەبکات دەستی دابەپشتیا و وەکی پێم ووتی هەروابکە .
ــ حەمە تاڵ پاڵێکی بە دەرگاکەوە نا ، جیرەیەکی باریکی لێپەیدا بوو و زریکەی لەهەناوی ( چیمەن ) هەڵسان ... حەمەتاڵ خۆیکرد بەژووردا و دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست ، چیمەن لەبەری هەڵسا و بەپێوە لەناوەڕاستی دۆشەکەکدا وەستا سەری داخستبوو .
حەمەتاڵ دەمانچە و فیشەک دانەکەی لەقەدکردەوو کڵاو جامانەکەی داکەند و پشـتـێن و قـایشـەکـەی ژێر پشـتـیـێنەکـەی کـردەوە بەڵەخۆێنێ شـەڕۆاڵەکـەی ترازان و چەورایی وورگی ترازایە خـۆارەو ... لە چیـمـەن نزیک کەوتەوە و لەسەر دۆشەکە داینیشان ، تاراکەی لەسەری لابرد و بەپشـتـا خسـتی ، چیـمـەن چاوەکانی نووقاندبوو تەڕای فرمـێسکەکـانی بژانگە کلاویەکانی چاوی بەیەکەوە لکاندبوو ،( حەمەتاڵ ) پەنجەکانی کـرد بەژێر پزووی دەرپێکەی (چیـمـەن ) دا و ( چیـمـەن ) کـەمێک خۆی بەرزکـردەو و بەئەسپـایی دەرپێکەی داکەن و هەردوو لاقـەکـانی بەڕووتی بڵاوکـردەوە هەمـوو ئازای ئەندامی و ڕانەکـانی (چیـمـەن ) کـەوتنە لە رزین وەک لە کۆێستانە بەفر وکرێوەیەکدا بەجێمابێ دانەکانی کەوتنە تەق تەق .... ئامۆژگاریەکەی ئامەی بەربووکی هاتەوە یاد . بەخێرای پارچە خامەکەی لەژێر سمت وکەفەڵیا ڕاخست . ئەم لاولای توند بەدەست گرت . حەمەتاڵ خۆیدا بەسەرید و لە ژێر وورگ و لەشی قەبەی دا پلیشایەوە هەناسەی بەئاستەم بۆ دەدرا ... یەکەمجارە مۆتەکەی پێاو لەسەرسنگی پەپکە بخات ، بەخێرای دەمـووسمێڵی لەگەردن و دەموو لێـو ڕوومەتی هەڵدەسـوو . بەپرتاو شـێـتـانە پەلامـاری خـڕکـەی مـەمـمکەکـانی داو بەتووندی گۆپکەکانی هەڵدەگلۆفی ، لەگەڵ تەکانی یەکەمیدا گەرمایـــەک بە لەشی چیـــمـەندا تێـپـــەڕی و وەک خـەنجـەرێک ڕۆحی بڕی .... کـانیاوی چاوەکـانی تەقی و ڕێچکەی فرمێسک بە بلوسکی چاوەکـانی ولاجانیدا دەتکانە ناو قژە ئاڵوسکاوەکەی سەر سەرینەکە ، بەبێ جوڵە و بە شلی لاقـەکـانی بڵـاوکـردبۆوە سنگی کـراسـەکـەی زیاتر ئاواڵا بوو

تەکانە خێرایەکانی حەمەتاڵ پشتیەکەی لە ژێر سەری چیمەندا پەڕان ... لەناوەڕاستی دۆشەکەکەدا تەخت ببوو پەڕۆ سپێکەی ژێر سمتی گڕمۆڵە ببوو ... لیک بە دەم و لێوی حەمەتاڵدا دەهاتنەخوارەوەو تاڵە درێژەکانی سمێڵی بەیەکەوە لکاندبوو سووراو سپیاوی ڕوومەت ولێوی چیمەنی بەسەریەکدا تێکەڵاوکردبوو . ئارەق بەناوچەوان پشتیا بلوسکەیان بەستبوو چیمەن بەزحمەت پەڕۆ سپێکەی لەژێر خۆیدا ڕاستکردەوە ... دوای چەند تەکانی زریکەی حەزی جومگەکانی حەمەتاڵی جەمان ... ئەوەندەی تر بەسەر لاشە کوڵەکەی چیمەندا تلیسایەوە ... هەناسەی سواربوو و چیمەن هەستی بەهیچ خۆشیەک نەکرد ... جەند جاری لەدەرگاکەدرا و بەئەسپایی وچرپەوە هاوار لە (حەمەتاڵ ) دە کرا .

ــ دەچیتکرد ماڵئاوا.... دەخێراکە ئابڕومان چوو ... تەواو نەبویت ... حەمە ....حەمە حەمە کە چیتکرد ؟

حەمەتاڵ هەستایە سەرپی و بەخێرایی هەردووکیان ڕوانیانە پارچە خامەکەی نێوانیان ، ئەبڵەق بوون ، هیچ پەڵە خۆێنێکی پێوە نەبوو ...لەشی چیمەن کەوتە لەرزین لێوەکانی ووشک هەڵگەڕان و بەچاوەکانیانەوە کەوتنە پرسیار لەیەکتریکردن ،( حەمەتاڵ ) کەوتە شەقلێدانی چیمەن و بە پشتێنە قایشە تەرەقەدارەکەی هاتە وێزەی و دەم و لووتی بە مستەکۆڵە پڕکرد لەخۆێن . بەشەقێکی قەبرغەی تاسانی و و بۆتاوی هەناسەی سوارکرد لەترس و شەرمدا هاواری بۆ نەدەکرا چیمەن دەپاڕایەوە دەستی زەلیلی بۆ پان دەکردەوە . پەلاماری قاچەکانی دا .

ــ لێم مەدە ... وەرە جارێکی تر ( پاڵ کەوتوو ولاقەکانی بۆ بڵاوکردەوە ، کراسەکەی تاسەرناوکی بۆهەڵدایەوە و شلکوی ڕانەکانی بۆ دەرخست .

ــ بە قوربانت بم بائابڕومان نەچێ وەرە جارێکی تر .

لێدانی پەیتا پەیتای دەرگاکە و هاوارە یەک لەدوایەکەکانی ( حەمە لاو ) ی برای دەروونە گڕکرتووکەی (حەمەتاڵی ) زیاتر دەهاژان و ڕەگی تورەیی ڕادەکێشا .

ــ دەخێراکە بەخێر نەیەتەوە پێاو ... چیتکرد ..... ئابڕوومان دەبەی

؟؟!
ڕانه ڕووتەکانی چیمەن لەترساندا هەڵدەلەرزین جێ تەرەقەی قایشەکە شین هڵدەگەڕان ... هەندیکیشیان فچقە خوێنی ووردی لێدەهاتنە دەرێ .

حەمەتاڵ هەناسکە برکێی پێکەوتبوو چاوەکانی گڕی تورەیی و گەمژەیی لێدەباری ، شەرۆاڵەکەی لەپێکرد و پشتێن و قایش و دەمانچەکەی بەستەوە و، لەنێوان هەردوو ڕانە ڕووتەکانی چیمەندا وەستا و دەمانچەکەی لەکیفەکەی دەرهانی و ، پەنجەی خستە نێو کەوانەی پەلەپیتکەکەیەوە و چاوەڕەشە فرمێسکاویەکانی چیمەن زیاترکرانەوە ،، زمانی لاڵ بوو ... ئەوە .... ئەوە چیدەکەیت بەقوربانت بم .... وەرە جارێکی تر .
ـ نا بێشەرەف تۆ کچ نیت ...کونکراوی ... ژنیت ....
ـ نەبە خوا... بەسی جزمەی قورئان لەژاینمدا پێاو دەستی بەلەشم نەکەوتووە .
حەمەتاڵ دەمانچەکەی هانیە سەرپێ و پەنچەی پێدانا و هێرشی چۆاردە گوولەی بەرەو سنگ و سەرو ناوچەوانی ودەمی چیمەندا پژان.... خوێنێکی ئاڵ بەخێرایی لە کونی گوولەکانەوە فیچقەیکرد ، بەسەر دۆشەک و فەرشی ناوژوورەکەدا بڵاو بوونەوە . ( چیمەن ) دەستی بە پەرۆ سپپێکەی ژێر سمتێەوە ووشک بووڕانەهەڵپێسراوەکانی لەگەڵ گیاندەرچوونی ورده ورده بەسەر دۆشەکەکەدا ساردبوونەوە .( ئامە ) ی بەربووک و حەمەلاو قەوموقیلەی حەمەتاڵ بەپرتاو خۆیان بەژوورەکەداکرد . قیژەو هاوار وگریان دیێ لە خەو ڕاپەڕاند .... هەر ئەو شەوە لەناودیێدا بووبە قاو چیمەن کونکراو بووە و خوێنی نەبووە ... وا دوو ڕۆژە دێ لە غەم و پەژارەی چاوەڕوانیدا دەژین .
تەپو وتۆزی ئوتۆمۆبێلێک ڕووی دیێ بەرەو دەربەندی و تاقە ڕێگاکە وەرچەرخان . وورده وورده تۆزەکە لەدیێ نزیک دەبۆوە و قەباەی زیادی دەکرد .
دانیشتوانی دێ لەسەربان وپشتی حەسارەکان لە چاوەڕوانی چرکە ساتی گەیشتنی ئۆتۆمۆبیلکە دا بوون . پێاوان ووردو وورده بەرەو

مزگەوت ڕۆیشتن .... جێبێکی سەربەتاڵ و تابوتێک خۆیکرد بەناو چاوەڕوانی دیێدا وەستاو باوەشی تۆز و خۆڵی بە ڕووی پیاوانی بەرمزگەوتداکرد .. دایکی چیمەن لەپێشی جێبەکەوە بەکەساسی دانیشتبوو ڕەگە ووردیلەکانی چاوی خۆێنی تێزا بوون و بەئەبلەقی دەیڕۆانیە پێشی خوی ، دەستەکانی لەسەرناوکی دانابوو کەمێک نوشتابووە بەسەر سکیا ڕوومەتکانی بەنینۆک قاشکرابوون سنگە ڕەقهەڵهاتووەکەی بەسنگ کوتان شین هەڵگەڕابوو . ئابلۆقەی گۆڕەکەیاندابوو ... لەدوای دواخاکەنازی خاک ، مەلای دێ لەتەنیشت سەری گۆڕەکەوە دانیشت وکەوتە تەلقین خۆێندن . دەنگی گریان و نوزەی ژنانی پشت ڕیزی پێاوان کزبوون .. مەلا سەرگەرمی خوێندنی تەڵقینەکە بوو کە ( علی ) برای ( چیمەن ) نامەیەکی لەگیرفانی دەرهانی و دایە دەست مامۆستا ( ئاسۆ ) .

مامۆستا ( ئاسۆ ) بەهیواشی زەرفی نامەکەی یەکالاکردەوە .. وورد وورد لەگەڵ خوێندنەوەی نامەکەدا چاوەکانی پڕبوون لە ئاو ... پیاوانی و ژنانی چواردەوری گۆڕەکە سەرنجی بینایان تێکرد ... تادەهات ژمارەی فرمێسکەکانی زۆرتر دەبوو ، بەسەر ڕوومەت و ڕیشە چەند ڕۆژ نەتاشراوەکەیدا دەهاتنە خوارەوە . بە تەواوبوونی تەلقینەکە هەموو ڕوویان بەرەو مامۆستا ( ئاسۆ ) وەرچەرخان ، چاوەڕی ناوەڕۆکی نهێنی نامەکە بوون .بۆشاییەک لەنێوان تەواو بوونی تەلقینەکەو و تەواو بوونی نامەکەدا دروست بوو ... لە دوای خوێندنەوەی دوا ووشەی نامەکە بەدەنگێکی گڕ وگریاناویەوە ڕووی لە خەڵکەکە کرد و ( نامەکەی بەرزکردەوە ) .

ــ ئەم نامەیە ڕاپۆرتی پزیشکی یاساییە ... دەڵی ...( هەڵوێستەیەکی کردو قوڕگی پڕبوو لەگریانێکی کووڵ ، تەڕای ناودەمی قووتدا و) ، خەڵکەکە چاویان لێنەدەترووکاند و هەناسەیان مت کرد ... ژنانی پشت پیاوان هەستانە سەرپێ و چەند هەنگاوێ هاتنە پێشەوە و تێکەڵاوی ڕیزی پیاوان بوون

ــ خەڵکینە ڕاپۆرتی پزیشکی یاسایی دەڵێ ! قوربانی ، چیمەنی مام رحمان ... تائێستا کچە و بەکچێنی کوژراوە .....!!

چاوەی خەڵکەکە زیاتر ئەبڵەق بوون ، کەوتنە ڕووانینی یەکتری ... مامۆستا ( ئاسۆ ) دەستێکی بە چاوەکانیدا هانی و فرمێسکەکانی بەڕوومەت و نیو تووکەکانی ڕیشیدا سۆاخدا و جارێکی تر تەڕای ناودەمی قووتدایەوە و .بەچمکێکی پشتێنەکەی لووتی سڕی ٠

ــ ئەم ڕاپۆرتە دەڵێ ، پەردەی کچێنی چیمەن لە قوڵایی یەکی نائاسایدایە و ئەندامی نێرینەی هاوسەرەکەی وەک پێویست نەگەیشتۆتێ ، بۆیە خۆینی نەبووە ، ئەم جۆرە شێوانە لەلای مرۆڤ زۆرە ٠

ژنان هاواریان لێهەلساو وپیاوان ئەبڵەق بوون.. مامۆستا ئاسۆ دانەویەوە لە تەک سەری گۆڕەکەی چیمەنەوە دانیشت و چەند چڵ گوڵە کێوی هەڵپچڕکاند و لە پاڵ کێلەکیدا داینا ... وەک دەست بەسەری ( چیمەن ) دا بهێنێ ئاوا دەستی بەسەر خۆڵی گۆڕەکەدا دەخشاند ... بەدوای دووا ووشەی ڕۆمانەکەدا وێڵبوو ... ئاورێکی لە خەڵکەکە دایەوە ٠

ــ خەڵکینە حەمەتاڵ لە کوێیە ...؟؟! نوزەی گریان وسرپەی هەنسک و قیژە و دەنگی سنگکوتاندنی ژنان کزبوو ... لەناو ڕیزی پیاواندا دەنگی ووتی

ـ بووە بەچاش

## ئاوێنـــــــــه

ئیـوارەی لێدەهات غەم و پەژارە دایدەگرت و کوون و قـوژبنی مـاڵی لێــــدەبووە زیندانێکی تـەسک وتـاریـک . مـــــەترێک لەڕووبەری ماڵەکەیاندا نەمابوو تێدا جاری بیراز نەکرابێ و بەقژراکێشان ئەم ژوور و ئەو ژووریـان پێنەکـردبێ ، بەبینینیـان زراوی دەچوو ، بەدەسـتی بوایە هەمـوو جەستەی دەکردە پشکۆیەکی ئاگر هەر کاتێک دەستیان بۆ ببردایە پەنجەکانیان بسووتایە . گریێ کۆبرەی ئەوقین و بوغز و لێدانەی ڕۆژانە و شەوانە ببـووە بەرنامەیەکی نەگۆڕی ژیانی بۆ نەدەکرایەوە ، کەدەهاتنەوە خێـرا دەچوو بەپیریانەوە هەرچیەکیـان بەدەستەوە بوایە لێوەردەگـرتن و بەخـێـرهاتنی دەکـردن و ئاسـایش بوو هیچ جـۆرە سـوپاس و وەڵامـێکی وەرنەدەگـرت . هەندی جـار پێش ئەوەی لەسـەر قـەنەفـە ی هەیوانەکـە دابنیـشـن ، خێـرا دادەنەویەوە قـەیتـانی پێـڵـاوەکـانی بۆ دەترازاند ن . بەدانیشتنەوە پێڵاوە و گۆرەویەکانی لەپیێ دادەکەندن . لەو ڕۆژەوەی مـاسولکەکـانی دەست و قـاچەکـانی توانای جوڵاندن و کار وهەڵگرتنی شـتی هەبوو ، پەروەردەیەکی کـۆیلانەیان بەبەری ژیانیـدا بڕی و ئەرکی مـاڵیـان بەسـەردا سـەپاند . ڕۆژی لەدایک بوونەکـەی ڕۆژی لەدایک بوونی مـەینەتی بـوو بەسـەر دایکیـدا ڕژا . هێـشـتـا بۆنی زەیسـتـانی لەبەرگـەکـانی دایکی نەببـووە کـە حـاجی علی ( باوکی ) بەشـەقـێک قـەبرغەی شینکردەوە ، هەرلەیەکەم ڕۆژەوە بەدەستی بوایە زیندە بەچاڵی دەکرد ، لەژیانیـدا نە ماچێکی گەرم و نەباوەشێکی سۆزی باوکایەتی پێنەبەخشی بـوو . هەرچەندە ئازاد بەتەمـەن لەنەرمـین منداڵـتـر بوو ،

بەڵام حاجی علی مافی زیاتری و خۆشەویستی فرەو نازناوی ( کاکە ) لێنا بوو ۰ بەم هۆیەشەوە وەک کەڵەگایەکی لێهاتبوو ...... دایکی تەنیا دڵسۆزێکی بوو جەرگی پێدەسوتاو لەنزیکەوە گوێی لەهەنسک و گریان و چاوی لەشەق و زللە و قژڕاکێشانەکانی دەبوو ۰ زۆر جاریش لەبەرگریکردن لەنەرمین ، شەق و زللەی ومشەکوڵەی بەردەکەوت ۰ ڕووداوێکی چەندجار دووبارە بووە لە قوڵای مێشک و چاوی یادگاری تەمەنی نەرمیندا تۆمارکرابوو ۰

( کچم مەگری ئەمە پیشەی چەند ساڵ پێکەوەبوونی من وباوکتە .... ئێستاش ئازاری شەق و زللە و لێدانی شەوی زاویەتیم لەیادناچی ....کە هاتە ژوورەوە هێشتا ئاڵاسوورەکەی بووکێنم بەسەرەوە بوو ... وەک ڕێزلێنان بۆ ژیانی ژن ومێردایەتیمان ، هەستامە سەر پێ ، لەجیاتی ماچ و باوەشی سۆزی شەوی زاوەیەتیی ، شەقێکی لە ئەژنۆم هەڵدا و بە زللەیەک ، بەسەر جێگەی بوکێنیدا خستمی ئینجا زۆر بەتۆپزی کردمی بەژن ) ۰

( کوڕم ئازاد ئافرەت لەجیزەی ئاژەڵن خواو پێغمبەر و قورئانی پیرۆز و یاسای شافعی و حەنەفی بە نیوەی پیاو دایان ناون ، ئاگات لێان بێ زۆر وریابە هێندە بۆاریان نەدەیتێ هار دەبن ئامانیان نیە ) ئەمانە کۆمەڵ قسەو ئامۆژگاریەکی ژنگاوی بیری حاجی عالی بوو لەو ڕۆژەوەی ئازادی کوڕی گوێی تواناى بیستنی پەیداکرد هەزارەها جارئەم قەوانە ژەنگاوییەی دووبارەی دەکردەوە ( بەغیرەت بە ... ئەوکەسە پیاوە سام وترس بخاتە دڵی ئافرەتەوە و ئافرەت نەتوانی سەیری چاوی بکات ... ئافرەت چیە ؟ خوا بۆیە دەروستیکردوون خزمەتی پیاوبکەن و پیاو لەزەتیان لێوەربگرێ ) ئازادی کوڕی وەک خۆی مێشک پوچکردبوو ۰لەسنووری بازاڕ و دووکان و فڕوفێڵی بازرگانی زاتر هیچی تر لە قوتابخانەی ژیانیا فیر نە ببوو ۰ دەتگوتت کۆپیەکی بچوکی باوکێتی ۰ ( حاجی علی ) یش بەم کۆپییەبوونەی ئازادی کوڕی زۆر دڵشاد بوو ..

نەرمین لەودیوو دەرگای هۆڵەکەوە گوێ لە قرقێنەکانیان بوو .. وەک زەنگی خزمەتیان بۆ لێدابێ خێرا سابوون و سۆڵە ی دەستشتن و

مەسینەیە ئاوی شلەتێنی بۆ خستنە سەر سفرەکە ، بەدەستێکی مەسینە ئاوەکەی گرتبوو بە دەستەیکەی تریشی خاولیەکی بۆ ڕاگرتبوون بەووریای و ترسەوە ئاوی بەدەستیاندا دەکرد ٠ حاجی علی پەنجەیەکی لەدەمی وەرداو پاشماوەی خواردن و بەڵغەماوی ناودەمی ڕژاندە ناو سۆڵەی ئاوەکەوە ، نەرمین خێرا دەستە خاولیاویەکەی بۆبردە پێشەوە ٠ ئازاد بەچیلکەیەک کلۆری دان و خرێکانی دەپشکنی پاشماوەی خواردن و ووردە گۆشت وبرنجەکانی دەردەهانی و ، دوا جار دەیخستەوە نیوان لێوەکانی وجارێکی تر قووتیدەدا ٠دوای کۆکردنەوەی سفرەکە ٠ نەرمین دوو پێڵە چای خستە سەر سینێنەک و لەبەر دەم ئازادی برای و باوکیدا داینا ٠ ئازاد تیژە تیشکێکی لە چاوە نەرمەکانی نەرمین چەقاند ٠

ــ دەڵی بەرازە هەر قەڵەو دەبێ ... سەیرکە ناتوانی بجولێت ... چاکان بوون بە دەمی مردوو ، ٠

ــ کاکە گیان ئەوەتا هێشتا هاڵاوی داغیی لێهەڵدەسێ ـ

ــ دەمت داخە و ملت بشکێنە ٠

نەرمین بەبێ وەڵام ژوورەکەی بەجێهێشت ، پیشەی هەموو شەوانی بوو تا باوکی و ئازادی برای خەو دەیبردنەوە دەبوایە وەک ئامێرێک لە سووچێکی هۆڵەکەدا بە بێدەنگی دابنشێ و لەکاتی پێویستدا داخۆازیەکانیان جێبەجێبکات ٠ لەچاوەکانیاندا تووڕەبوون ، شەق و زللە و لێدان و قژڕاکێشانی تیدا دەبینرا .... لە ژیانیدا نەچاوی بە چاوێکی پرشنگداری سۆزی خۆشەویست نێرینەیەک کەووتبوو ، نەدەست و مامکەکانی بەدەستی میهرەبانی نێریەک گوشرابوون ...... دووژمنی گەورەی نێرینەبوو قێزی لێیان دەهاتەوە ٠ کە دیمەنی ماچ و موچیەکی لە تەلەفزیۆندا دەبینی ، دڵی تێکهەڵدەهات و قێزی دەهاتەوە ... ( ئای ئەو ئافرەتانە چەند گەوجن ، چۆن بێزیان دێ ئەو لێوە ناسکەیان بخەنە نێوان لێوی زبر و سمێڵاوی بۆگەنی پێاوەوە ) ٠ ڕۆژ بەڕۆژ مانگ بەمانگ لەگەڵ زیاتربوونی تەمەنیدا وباڵای قین و قێزبوونەوەی لە پیاو هەڵدەکێشرا ٠

نەرمین لە بەردەم شەقەکانیدا گرمۆڵە ببوو لەبەر ئەوەی دەم وچاوی تێکنەچێ بە چیچکانەوە سەری لەنێوان هەردوو ئەژنۆکانیدا قاییمکردبوو

، لەتاو خـەمی دەم وچاوی ئازاری شـەقـەکـانی لەبیـر چووبووە ( لەشم هەرچی شـین ببێتـەوە بەرگەکـانم دایدەپۆشێ بەڵام دەم وچاوم شتـێکی لێـبێ لەناو کـچـانی گـەڕەکـدا ئابڕووم دەچێ ) ئازاد چنگی لەقـژە خـاوە درێژە خەنـەیەکەی گیـرکرد و بەڕاکێـشان هەڵیـسانە سەر پێ و زللەیەکی لەڕوومـەتی سرەواند ، جێ پەنـچـەکـانی لەسـەر ڕوومـەتە خـرپنەکـانی سوورهەڵگەڕان زریکەی لێهەڵسا ٠

ـ تـوبەکـاکـە گـیـان ... تۆبە هەر ئێـسـتـا دەیان شـۆم ٠ بەدەم هاورا وقیژەوە دایکی خۆیکرد بەژووردا پاڵێکی بەئازادەوە ناو لەژورەکە دەرینا ٠

ــ دیسان بەزمەکەیە ... ئەمجارەیان لەسەر چی ؟
ــ لەسەر جووتی گۆرەوی نەشۆراو٠
ــ کچم چەند جارم ووت ئەمانە زاڵمن و هەل مەدەبەدەستیانەوە ، ٠
ــ دایەگـیـان ( ١٠ ) جووت گۆرەوی شـۆراوی قـەدکـراو ی لە دۆڵابی جلەکـانیـدایە ... درۆدەکا و هەر بۆ بیـانوویەک دەگـەڕێ بێ لێـدانی من خەویان لێناکەوی ٠ مردنم باشـترە لەم ژیانە .. خۆم بسـوتێنم بارزگـارم بێ لەم کۆیلایەتیە ٠

دایکی سەری نەرمینی خستیەو سەر ڕانی ، فرمێسکەکانی بۆ سڕی و بەسۆزەوە دەستی بەڕوومەتە سوورهەڵگەڕاوەکەیدا دەهانی ٠

ــ نـاکـچم قـسـەی وامـەکـە ... خـوا گـەورەیە ..خـوابکات پـیـاویکی باشت لێپەیدا بێ و لەم دۆزەخە ڕزگارت کات ٠

ــ( بەدەم هەنسک و گریانەوە سـەری لەسەر ڕانی دایکی هەڵبـڕی ) پیـّـاو تف ونەعلەت لەچاکـیـان .. من وپیـّاو ؟! ٠ دۆشـەکـڵـەیەکی خستە ژێر سەریەوە و بە تانیەکی پێدادا و بەتەنیا بەجێهێشت ٠

ڕۆژێکی هاوینی قـرچە بو و ، شـار دەتووت چەند پلەیەک لە خـۆر نزیک بۆتەوە ، مـاکسیەکی نەرم و شلی بێقۆڵی لەبەردا بوو .. دامێن و سەرئەژنۆکانی و سەرسکی بەئاوی جلشـتن تەڕببوو لە کاتی جووڵەو ڕۆیشتندا بەسەر ئەژنۆ و نەرمایی سک و سەرناوکیدا دەنوسا ٠ تەشتێ جلی شـۆراوی خسـتـبووە سەر شـانی و بە پلیکانەی باڵکۆنەکەدا بۆجل هەڵخسـتن سەرکەوت ٠ لەتاو گەرما وئارەق سوخمەی مەممکەکانی

نەبەستبوو .. قژە خاوە خورمایەکەی لەدوواوەگرمۆڵەکردبوو و بەقردێلەیەکی سوورگرێیدابوو .... هاڵاوی گەرمی ئاوی جلشتنەکە وقرچەی هەتاو گڕەی نیوەڕوانی ، نمە ئارەقی لە کوونی پێستە قاوەییەکەیەوە دەرپەڕاندبوو ، نمەیەک و دوان و سیان دەبوون بەنمەیەکی گەورەو ووردە ووردە بەسەر جۆگەی بڕبڕەی پشت و سەرسنگ و چاڵای نیواندرزەکانی مەممکەکانییدا تێدەپەڕی و تادەگەیشتنە سەرناوکی بەرەو خۆارتر دەخزانە خۆارەوە لەناو چەپکە موویەکیدا بڵاو دەبوونەوەە و تەزوو ی حەزێکی نەرمی بەرۆحی دەگەیاند ٠

لەتاو ڕووناکی و تیشکی تیژڕەوی خۆرەکە ، پێڵوی چاوە نەرمەکانی لەیەک نزیک خستبووە و گلێنە ڕەشەکانی لە ڕووناکی خۆرەکە دەپاراست و بەئاستەم ڕووناکی دەبینی ٠ سەرگەرمی جلهەڵخستن بوو ٠ لە کاتی دانەوینەوەی بۆجلە شۆراوەکانی ناو تەشتەکە ٠ لەپشت پەردەی پەنجەرەی ژوورێکی نهۆمی دووهەمی خانووەکەی ماڵی باجی ( بەهیێ ) ی دراوسیانەوە ، تارمایەکی بەدیکرد دەجوڵایەوە ، جارجارەش بەئاستەم پەردەکە لادەبرا و شەپۆلی چرچەکانی دەهاتنەوە یەک و پاشان بەرەڵا دەکران و دەچوونەوە شۆینی خۆیان .... دڵنیابوو کەسێک لەو دیوو پەردەکەوەیە ٠

( لەم ڕۆژە قرچەیەدا کێ بێ بەئاگابێ لەمنی کۆیلە زیاتر ) لەدڵیدا ببووە مەراق و حەزی بەزانینی زیاتری نهێنی تارمایەکەدەکرد ... بەتیلەی چاو خستبویە ژێرچاودێریەوە ... لەسەیرکردنێکدا کە هێشتا پشتی ڕاستنەکردبۆوە ، دووئەژنۆی ڕەقەڵەی تووکنی بینی و دڵنیابوو نێرینەیەک لەو دیوو پەردەکەوەیە ٠ ترس وقین وقێزی نێرینە ڕایپەڕاند و بەخێرای هەڵسایە سەرپێ و بەقاچێکی تەشتە جلەکەی گۆێزایەوە ئەودیوو تەنافی جلە هەڵخراوەکان و خۆی لەنیوانیاندا حەشاردا ٠ تا هەڵخستنی دوا پارچەی جل ئاوڕی لەپەردەکە نەدایەوە ٠

بابەتی جلشتنەکانی کۆکردەوە و بەنیازی خۆشتن وپاککردنەوەی لەشی لەعارەق و هەڵاوی وبۆنی جلەشۆراوەکان ، چووە ژووری گەرماوەکەیانەو ٠بەرامبەر بەئاوێنەی سەر دەستشۆرەکە وەستا ومستێ ئاوی ساردی بەڕوویداکرد ، ووزەیەکی بەچاوەکانی و پێستی ڕوویدا دا ٠ گرێ

قردێلەکەی ترازاندو شەپۆلی قژە خاوەکەی بەرەڵاکرد و بەسەر شان و ملیدا شۆڕبوونەوە ٠سەری لەئاوێنەکە نزیک خستەو و چاوی لە چاوەکانی خۆی بڕی و بەرامبەر ڕووی خۆی وەستا ، پەنچەکانی دەستی ڕاستی کردەناو قژیەوە و بۆ دواوە هەڵیدایەوە ....ماکسیەکەی داکەند و بەڕووتی بەرامبەر ئاوێنەکە وەستا چاوەکانی بوونە چاوی کامیرەمانێکی هوشیار و بەچاو لووت و چەناگە و گەردنیدا شۆڕ بونەوە بۆ سەر سنگ ومەمکەکانی و لەئاستی گۆپکە قاوەییەکانیدا هەڵویستەی بەچاوەکانی کرد .......دوای کەمێک موچرکەیەکی شەرم ڕایچڵەکاندو لەبەرئاوێنەکە لاچوو .وەک تێری لەسەیرکردنی جوانیەکەی خۆینەخۆاردبێ دوای کەمێک گەڕایەوە بەر ئاوێنەکە و ئەمجارە یان بەلاوە وەستا و سەیری پشت و سمت و درێژی قژەخاوەکەی دەکرد ٠ چوە ژێر دووشەکەوە و لە ژێر هروشمی ئاوی دووشەکەدا وەستا و مستی شامپۆی لە قژەخاوەکەی هەڵسوو پەنچەکانی لەنێوانیا دەگێڕا ٠ کەفاوێکی زۆری لێپەیدابوو و بەنێو مووەکانی سەر و شان و مل و لەشیدا هاتەخۆارەوە ٠ بە لەپی دەستی کەفاوەکەی لە لەشی هەڵدەسوو لە ناکاو لەپی دەستێکی بەگۆپکەی مەمکێکدا خشا و تەزووی حەزێکی ناسک و تیژی نامۆ ناخی ڕاچڵەکاند ٠ یەکەمجارە لە ژیانیدا وەها تەزووی حەز ڕۆحی ڕادەچڵەکێنێ ٠ بەنهێنیەکی شاراوەی لەشی ئاشنابوو ٠ لە ژێر دووشەکەدا وررمابوو ، دەستە خرپنەکانی پڕ لە شامپۆ کرد و دەستی ڕاستی لە گۆپکەی چەپی خشاند تەزوو و گەرماییەک بەخێرایی بەنیو جوومگەکانی لەشیدا هات ، حەزێکی زۆری لە ختووکەدانی گۆپکەکانی مەمکی وەرگرتو بەردەوام ختووکەی دەدان ..... هەردووگوومەزی مەمکەکانی لەچنگ گرت و هەروەک تینوویەک لەبیابانێکی چۆڵدا ئاو لە قوڵایی بیرێک هەڵبهێنجێنی ئاوا بەخێرای و بەسوزووە گەمەی بە گۆپکەکانی دەکرد دەیویست تینۆێتی ڕۆحی بشکێنێ ٠ دەستی ڕاستی خلیسکایە خوارەوە و بەسەر سنگ وسک و ناوکی و تادرێژای دەستی بریکرد دەستی بە لە شیدا خشاند و پەنجەکانی گەیشتنە قوڵاییەکی گەرم پڕ لینجاو و سەرچاوەی حەزیکی گەورە ی لەشی ، هەموو لەشی گەرم هەڵهات و بەخێرای پەنجەکانی لە ناو

قولایەکەدا دەجولاند و لینجاوی ناو قولایەکە گەمەی پەنجەکانی خۆشدەکرد ، دوای کەمێک شەپۆلی تەزوویەکی ئاگراوی بەخێرای هەموو لەشی داگیرکرد و جومگەکانی لەشی شلکرد و بەپێوە خۆی بۆ نەگیراو بەچیچکانەوە لە ژێر هروشمی ئاوی دوشەکەدا خۆی گرمۆلەکرد و باوەشی بەهەردوو ئەژنویدا کرد .... هەستی بە ئارامیەکی دەروونی و ووزەیەکی نوێ کرد ... دوای کەمێک خۆی پۆشتەکردەوە و لە سەر قەلەوێلەی نووستنەکەی ڕاکشاو ، کەوتە گێژاوی کۆمەلێ پرسیای نهێنی یەوە .....دەستکەوتێکی مەزن بوو ئەمە یەکەمجارە لەشی و ڕۆحی ئارام بێ و للەزەتی واخۆش بچێژێ ٠ لەگەڵ گفتوگۆ و پرسیارەکانیدا ووردە ووردە چوە دنیای خەوێکی نەرمەوە ٠

پاشنیوەڕۆیەکی فێنک بوو تیشکی خۆر تواناو گەرمی نەمابوو ....... لە خەو بەئاگابووە و بالەکانی بلاوکردە و وزە و تواناو ئارەزوویەکی زۆری هەست پێدەکرد ٠ لەژیانیدا خەوی وا ئاسودە وئارامی نەکردبوو ٠ لە بەردەم ئاوێنەی دوولابی جلەکانیدا وەستا و ٠ قژی بەسەر شا ن و ملیدا داهانی و بەرەلایکردن ٠ چوو بۆ سەربان بۆ کۆکردنەوەی جلە شۆراوەکان ٠ لەکاتی کۆکردنەوە وقەدکردنی جلەکاندا بەتیلەی چاو ڕوانیە پەردەی پەنجەرەکەی مالی ( باجی بەهێی ) دراوسێیان .... هەمان تارمایی و جولەی پەردەکەی پێش نیوەڕی بینیەوە ..... جلەکانی بەقەدکراوی خستە سەردەست و لەبەردەرگای هەورەبانەکەیاندا هەلۆێستەیەکی کورتی کرد و ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە ، هەردوولای پەردەی پەنچەرەکە ئاوالابوون و هوشیاری ( باجی بەهیێ ) دراوسیانی لە دواوە تێدەڕۆانی ... بەمۆنیەوە ڕووی وەرچەرخان و بەپلیکانەکاندا هاتە خوارەوە ٠

هەموو لە خەوێکی قوولدابوون ... بەتەنیا لە ژوورەکەیدا و لە سەر قەرەوێلەکەی بەپشتا ڕاکشابوو ٠ چاوی بڕیبوە خولانەوەی پەروانەی پانکەی بنمیچەکە و لەگەڵ خۆیدا دەدوا و بەدوای نهێنیە خۆشەکانی ژیاندا دەگەڕا ٠ ژیان و دنیا هەر ئەم ژوور ومالە نییە تێدا لەدایک ببوە و وەک کۆیلە تێدا دەچەوسێتەوە ٠ دەستێکی بۆلای قەبرغەی برد ، پەنچەی لەجێ شەقەکانی چەند ڕۆژ لەمەوپێشی ئازادی برای داو

بروسکەی ئازارێکی کەم ڕایچڵەکاند ( قاچت شکی لا خۆی تۆ برایت ...بۆ وام لێدەکەیت ؟ ) هەڵۆێستەیەکی بەبیرکردنەوەکەی کرد ٠ دەستی لەشۆێنی شەقەکانی قەبرغەی گۆێزایەوە خشاندی بەسەر سنگ و سک و ناوکیدا بەدەستەکەی تری شلکەی مەممکەکانی لەجنگ گرت بەنەرمیەوە گەمەی پێدەکردن و بزەی حەزێکی زۆر دڵخۆشی کرد کەوتە سەرلاو دەستێکی کردە کۆڵەکەی سەری و دەستەکەی تریشی توند لە نێوان ڕانەکانیدا قایمگرد بینینەکەی هوشیاری ( باجی بەهیبەی ) هێنایەوە بەرچاوی خوی .... ( تۆ بلّی هوشیار بەدرێژای ئەو پاشنیوەڕۆیە و بەو گەرمایە لەبەر ئەو پەنجەرەیەدا بووبێ ؟!) بۆچی ... ئەی بۆچی لەکاتی گەڕانەوەمدا ئاوڕم لێدایەوە ؟ ! ... حەزمدەکرد بیبینم خۆشم نازانم بۆ ، خۆ من قینم زۆر لە پیاوە ... نازانم هەستێکی سەیر بوو دەبێ چی بێ ؟؟! ) ٠ خەوی لێزڕابوو لەناو جێگەکەیدا ئەم دیوو ئەودیوی دەکرد هەست بەتەنیایەکی سەخت دەکرد ٠ بەرامبەر ئاوێنەی دۆڵابی جلەکانی وەستا یاری بە قژە درێژەکەی دەکرد ... لە ئاوێنەکەدا چاوەکانی لە خوی بڕی دووگمەی ماکسیەکەی ترازان چنگی کرد بەشیلکەی مەمکێکیا و لە درزی ماکسیەکەیەوە هانیە دەری پڕ بەدڵ حەزی دەکرد ملی هێندە درێژ بوایە تا دەمی بگاتە گۆپکەکانی بەئارەزوی تینۆتی خوی بیمژێ سەری پەنجەیەکی تەڕکرد بە ئەسپای گەمەی پێدەکرد ، لە سەر جێگەی نووستنەکەی ڕاکشاو بەدەستێکی ختوکەی مەمکەکانی دەدا دەستەکەی تریشی لە نیوان هەردوو ڕانە خرپنەکانیدا هەروەک ژێر دووشەکە کەوتە گەمە کردن تا گەرمای لەشی داهات نمە ئارەقی وورد ژێر چەناگەی گرت لەپاش کەمێک تەزوویەک لە ڕۆحی داو لەجوڵەکەوت وورده وورده گەرمای لەشی هاتەخوّاری بە ئارامی خەویلێکەوت ، ژووره تەنیایەکەی بوو بەهاوڕیی نهێنیەکانی ، دیکۆری ژوورەکەی گۆڕی ، جێگەی نووستنەکەی بەرامبەر ئاوێنەی دۆڵابی جلەکانی ڕێکخست .... هەرکاتێک پاڵ بکەوتایە لەخۆی دەڕوانی لەناخەوەلەگەڵ وێنەکەی خویدا دەدوا ، گۆڤارێکی ( بۆردە ) ی بەدەستەوە بوو بەووردی بەوێنەکانیدا دەگەڕا ٠ سەیری بەرگ و شێوەی قژ و مکیاجی ئافرەتەکانی دەکرد چاوی لەئاستی جوانترین وێنەی ئافرەتێکدا ڕاگرت ، ئاوڕێکی لە

ئاوێنەی دۆلابی جلەکانی دایەوە کەوتە بەراوردکردنی وێنەکەی خۆی لەئاوێنەکەدا و وێنەی ئافرەتە جوانەکەی ناو ( بوردە ) کە . ( جیاوازیمان هێندە نیە ڕەنگە من جوانتر بم .. . جوانی من سروشتیە ... بێ مکیاجم ... ( دەستێکی بەدەمو چاویدا هانی ) و تائێستا گەندە مووکانی نێوان برۆم هەڵنەگرتووە .. ئێتر بۆچی من جوانتر نیم ئەم وێنەیە لە ستودیۆ و لەژێر تیشک و ڕووناکی کۆمەڵە گلۆپێکی ڕەنگی دا گیراوە .... سەیری ئەو میکیاجە تۆخەش .... نا من لەم ئافرەتە جوانترم ... لەکۆمەڵگای پێشکەوتوودا جوانی ئافرەت دەبێتە بەختەوەری و بەسەر ژیانیدا دەڕژێ ....لەکۆمەڵگای کوردەواریدا دەبێتە نەگبەتی و هەش ... و شەق وزللە و چەوسانەوە ، جاران لەکاتی سەیرکردنی گۆڤاری ( بۆردە ) کاندا قیزی لە بەشی پیاوان دەهاتەوە و لە و ڕۆژەوەی بە سەرچاوەی حەزەکانی لەشی ئاشنا بووە ، بەوێنەی پیاوەکان تەزوویەکی حەز دەیگرێ و هەندی جار یش بێ چاو تروکاندن ئەبلەق دەبوو ... لیوەکانی خۆی دەمژی ... سەیرە لەسەیرکردنی وێنەی ئافرەتەکاندا ڕۆحی ئەو حەزەی ناچێژێ کەلە وێنەی پیاوەکاندا وەریدەگرێ . پەنجەیەکی خستە نێوان بەشی ژنان و پیاوانی ناو بۆردەکە و بە دوای جیاوازیەکەدا دەگەڕا ..... ( ئەمانە هەموو نهێنین ) وێنەکەی هوشیاری هانیەوە بەرچاوی خۆی ڕیشێکی تەنکی چەند ڕۆژ نەتاشرا و سمێڵێکی باریکی تازە دەرهاتوو ، دووچاوی گەشی برژانگ درێژ هەر لە چاو برۆکانی دایکی دەچێ ، قژە لوولە ئالۆسکاوەکەی پارسەنگی ڕیش و سمێڵەکەی هانیوەتەوە .... ڕەخنەی لەخۆ دەگرت ( بۆچی وا بەمۆنی و توڕەیەوە ڕوانیمە هوشیار .. و کەچی ئێستا بەهانینەوەی وێنەکەی بۆ بەرچاوم ئارەزووی بینینی دەکەم ) بەناو ژوورەکەدا کەوتەگەڕان و لەبەر قاپی پەنجەرەکەیاندا وەستاو هەوایەکی پاکی هەڵمژی و ، ئاورێکی لە ئاوێنە خڕەکەی قەراغی پەنجەرەکەدایەوە و هەڵیگرت و بەرامبەر رووی خۆی ڕاگرت ... پاش کەمێک لەشوێنی خۆی داینایەوە ( نا جوان پیشانم نادا ... ) ...گەڕایەوە بۆ سەر بۆردەک چەند پەڕەیەکی لەبەشی پیاون هەڵدایە وە ( سەیرە پیاو بوونیکی سەیرن حەزدەکەن هەمیشە جلەوی شتەکان

بەدەست خۆیانەوە بێ ... زۆر خۆپەرستن بۆیە خۆیان لە ئافرەت زیاتر دادەنێن ، ئافرەت وانیە ... تەواو پێچەوانەی پیاوە خۆ ئافرەتیش مرۆڤە ، پیاوان هەموویان وان هەموویان خراپن ، دڕندەن ، ئافرەتیان وەک کۆیلە دەوێ ) .. .. ئازار و دیمەنی شەقەکانی ئازادی برای هاتەوەیاد ( دەک قاچت شکێ بۆچ برایەکی ) هەڵوێستەیەکی لەبەر ئاوێنەی دۆڵابی جلەکانیدا کردو بەدەوری خۆیدا خولایەوە رووبەری ماکسیەکەی فراوان دەبوو بەرگی هەوایەک لە هەموو جەستەی ئاڵا وزەی خولاندنەوەی زیاتر پێدەدا ... گەڕایەوە سەرجێگەکەی ڕاستەو خو پەڕەی بۆردەکانی بۆ سەربەشی پیاوان بەخێرای هەڵدایەوە جوانترین وێنەی کوڕێکی قۆزی تیدا هەڵبژارد و چووە قوڵای چاوی وێنەکە و قسەکەی دایکی هاتەوە یاد ( کچم مەگری خوا گەورەیە ، خوا بکات پیاوێکی باشت دەستگیر ببێ ) ( ئەمە هیوایە و دایکم پێداوم هەتاهەتایە لە نێوانی ئەم چوار دیوارەدا بەتەنیای ناژیم ... دایکم درۆ ناکا ت ، دەبێ پیاوی باش هەبێ ! ) ڕاچڵەکی و زللە و شەق و قژڕاکێشانەکەی باوکی و ئازادی هاتەوە یاد ٠

لەو ڕۆژەوەی بەسەرچاوەی حەزی لەشی ئاشنا ببوو ژمارەی دووشکردن و خۆشتنی زیادی کرد بوو ... بازیکردنی ئەندامەکانی لەشی کردبووە کلیلی بەختیاری ژیانی زیندانەکەی ماڵەوەیان ... و ... ژوورە تەنیا یەکەی ٠

ئاوێنەکانی ماڵەکە ..... قوتوی شامپۆ و پەنجەکانی دەستی نەبێ کەس بەم نهێنیەی نەدەزانی ... ئاوێنەکانی ماڵەکە ببوون بەهاوڕیەکی هەمیشەیی و ڕازو نیاز و گفتوگۆی دەروونی لەتەکدا دەکردن ٠ هەموو ئاوێنەکان بەسەداها جار گۆیکە قاوەیەکانی سەر سنگیان و ڕەشای چاوەکانیانی مژی بوو ٠

وەرزی ساڵ بەسەر چوو بوو ... سەرەتای زستانێکی سەخت بوو..... بەچاوبڕکی لەگەڵ هوشیاری دراوسیاندا ئاشنایەتیەکیان هەبوو هەرچەندە تەنیا ووشەیەکیان لەگەڵ یەکتری نەکردبوو بەڵام بەنێگا گۆڕینە وە ئاماژەکردن پردی خۆشەویستیەکی باریکیان بەستبوو ... زۆر جار ( نەرمین ) لە بەر قاپی هەورەبانەکەیانەوە و ( هوشیار ) یش

لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەیانەوە دەواستان و هەزارەها چەپکە ماچیان و بۆ یەکتری بەهەوادا بۆ دەنارد ....... ڕۆژێکی تەماو ی هەورێکی ئەستووری چلکن ئاسمانی شاری چنی بوو و ڕووناکی ڕۆژی خنکاندبوو ... شار چاوەڕێی لیزمەبارانێکی بەتاوی دەکرد ، ڕووی شەقامەکان چۆڵ ببوون ، ڕۆژ زۆری نەمابوو ،( هوشیار ) چاوی بڕیبوە دەرگای ماڵی ( نەرمین ) و ساڵ وەختێکە بەو دیدارەوە دەتلایەوە ....

( هوشیار ) لەگەڵ خۆیدا لەشیکردنەوەی هەستەکانیدا بوو چاوەڕی دیدارێکی ئارەزووەکانی دڵی بوو ( ئەم تاریکی و تەم ومژە لەدەست مەدە کچی چابە هەنگا وبنێ دەوەرە تا ڕازیی ئەم دڵە کڵپەگرتووەت بۆ هەڵڕێژم ) لەدارشتنی سکاڵاکانی دڵیا بوو نەرمینی بینی پاڵتۆیەکی سەوزی لەبەردابوو بەرەو دەرگای حەوشێ دەچوو ...... دوای چەند هەنگا و ئاوڕێکی لە پەنچەرەکەی ( هوشیار ) دایەوە وەک پیێ بڵێ وەرە ئەمە ئەوڕۆژەیە ساڵەوەختێکە چاوەڕێتی .... بروسکەیەک هوشیاری ڕاچڵەکاند بە خێرای لەپشت پەردەکە لاچوو ... ..دوورو نزیک بەکۆڵانەکاندا دوای کەوت ...لەیەکی لەکۆڵانە تەسکەکاندا لێنزیک بووە و خستیە ژێر چەترەکەیە و ، باڵێکی خستە سەرشانی و بەسۆزەوە توونە نووساندی بەخویەوە ..سەری لەسەری نزیک خستەوە و ماچێکی قژەخاوەکەی کرد . هەموو ئەندامەکانی لەشی ( نەرمین ) هاتنە لەرزین و سەرکوڵمەکانی سوورهەڵگەڕان . دڵی کەوتە لێدان وترپەی خێرای ، ئەمە یەکەمجارە دەستی نێرینەیەک شان وملی بەسۆزەوە لە باوەشبگرێ و ماچی سەرو قژی بکرێ ،سەرو قژێ وەدەمووچاوی کە بە قژڕاکێشان و زللەو تفلێکردن ڕاهاتووە ، هەستێکی ئاڵۆسکاو لەنێوان قین و قێز و ترس لەنێرین و حەزو خۆشەویستی .... باڵای ڕوحی گرت . لە ژێر بڵی سۆزی ( هوشیار ) و هەستی تێکەڵاوی دەروونی هەناسەی سوار ببوو ، هەنگاوەکانی تێکەڵ و پێکەڵ دەبوون . بەرەورووی تاقیکردنەوەیەکی نوێ ژیان بۆەتەوە ...هوشیار لەگەڵ ووردە ماچەکانی سەر و قژی بە ئەسبای بەقوربان بەساقەی دەبوو ...ووشەی خۆشەویست بەگوێدا دەچرپاند ئەم ووشانە

تامەزرۆیەکی تایبەتی بە ڕۆحی ( نەرمین ) دەبەخشی ووشەی بەقوربان و لەزاری نێرینەیەک بۆ ( نەرمین ) نوێترین گۆڕانکاری یە لەژیانیدا .... ئاوازێک بوو ڕۆحی پێ نامۆ بوو ٠
ـ ( نەرمین ) ینەکەم .. شیرینەکەم خۆشم دەوێت ، ساڵ وەختێکە شەیدای دیدارتم ( لەگەڵ ئەم ڕستانەدا بەسۆزەوە دەینووساند بەخۆیەوە )

( نەرمین ) حەپەساوبوو هەنگاوەکانی نەرم بوونەوە .. بەبێ دەنگی گوێ دەگرت .... لیزمەبارانێکی خوڕ بەسەر شاردا دەڕژا ... شەقام و جادە وکۆڵانەکانی بەتەواوی چۆڵ ببوو ، لەتاو ئەوەی تەڕنەبن بەچووتە لەباوەشی چەترەکەدا لەیەک نزیک ببوونەوە سەریان نیوانی نەمابوو مووەکانی سەریان تێکەڵاو ببوون بە ئاسانی بۆنی یەکتریان هەڵدەمژی ، لە ترسی لیزمە باران و چاوی خەڵکی خۆیان خستە ژێر دارێکی پەل بڵاوی باخچەی زانکۆ ، خۆیان وەرچەرخان و ڕوویان لەیەکتری کرد و نیوانیان کەمتر و کەمتر دەبوو ، چاوەکانیان لەناو یەکتریدا توایەوە ....( هوشیار ) بە ئەسپای قسەی بە سۆزی بۆ دەکرد لەگەڵ دەربڕینی ووشەکانی هاڵاوی هەناسەی بەڕووی( نەرمین ) دا دەچوو لە کوونی لووتە خرپنەکەیەوە بەناخی ئاشنا دەبوو و حەزێکی نوێ بە ڕوحی دەگەیاند .... چاوەکانی ( هەشیار ) وەک چاوەکانی ئازادی برای و باوکی ئازاری نادا ... بە پێچەوانەوە لە سەیرکردنیان تێر نابێ ، وورده وورده لێوەکانیان لەیەکتری نزیک بووە و هەناسەیان تێکەڵاو بوو ،( هوشیار ) لیوەکانی خستە سەر لێوەکانی ( نەرمین ) ٠ شەپۆلی ترسی ( نەرمین ) ی ڕاچڵەکاند ڕووی وەرچەرخان و ڕوومووت و گەردن و لاملی کەوتنە بەر لێوەکانی ( هوشیار ) و بە وورده ماچ بەگەردن و ڕومەوتیا نووسا و توووند نووساندی بەخۆیەوە ، هەموو لەشی ( نەرمین ) گەرمی دایگرت و ڕووی وەرگەڕاند لێوە قاوەیەکانی خستە نێوان لێوەکانی ( هوشیار ) و بۆ یەکەمجار لێوی پیاوی مژی ....( هوشیار ) شارەزایانە سەری زمانی باریک کردەوە بە قەراغی لێوەکان ( نەرمین ) دا دەیخشاندو ئارەزوی مژینی لە دەروونیدا گڕدا لەیەک ئاڵان بەتووندی هەردووکیان یەکتریان لە باوەشکردبوو ، وەک مەممکە مژەی منداڵێکی

برسی سەری زمانی دەمژی ...تاوی مژینی زمان تاوی ختووکەدانی مەڵاشووی دەدا ...ئەژنۆکانی لە گۆ کەوتن و هەمان بروسکەی حەزی ژێر دووشەکە لەشی داگرت سست بوو خوی بە باڵای ( هوشیار ) دا هەڵواسی .. ، بەلای ڕاست و چەپدا هەر جارە لایەکی لێوی دەمژی و زمانی لە نیو دەمی دەگێڕا و تەڕای دەمی هەڵدەمژی .... حەزێک پێڵوی چاوەکانی قورسکرد و لێکنا و مەستی حەزێکی خەست بوو ... لە خەیەڵێکی ئاسوودەدا دەژیا ، تێگەیشت چاو نووقاندنی ئافرەت لەکاتی ماچ و سێکس دا مانای چیە ( چوونە ناو دنیای حەزو ئارەزوو و شتە پیرۆز و جوانەکانی سروشت و لەشی مرۆڤەوە ) دەستی خستبووە نیو قژە لوولە ئاڵۆسکاوە کەمێک تەڕەکەی ( هوشیار ) ە و نووساندبووی بەخویەوە و وردە ماچی ڕیشە کەم هاتووەکەی دەکرد .... خرمەخرمی تکە باران و دڵۆپە ئاوی لقی دارەکە لەسەرسنگی قوپاوی چەترەکە وێنە مۆسیقایەکی ڕۆمانسی بوو لەگەڵ دەنگی ماچ و ووشەی ناسک و ئاه و هەناسەی گەرمیاندا تێکەڵاو دەبوو ... باوەشیان بەکداکردبوو سەریان لەسەر شانی یەکتری دانا بوو ، نەرمین چاوەکانی بڕیبووە دڵۆپی ئاوی تەلی چەترەکە کە تک تک دەتکایە سەر شانی ( هوشیار ) و بە ناو ڕەگی قوماشەکەدا بڵاو دەبوونەوە و پاش کەمێک دیار نەدەمان .... لەگەڵ نەمانی دڵۆپە ئاوەکانیدا، ( نەرمین ) چووە ئەندیشەی ژیانی ڕابوردوو و بیری لە ژوورە تەنیایەکی و تەمەنی کورتی ئەم باوەش و سۆز و خۆشیە دەکردەوە ، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و سەری لەسەر شانی ( هوشیار ) لابرد و چاوەکانی لەقوڵای چاوەکانی دا ڕاگرت و هیوایەک لەدڵیا سەوز بوو لە دڵی خویدا ووتی ( پیاوان هەموو وەک یەک نین و ژیانیش تەنیا چوار دیواری ژوورەکەم نیە ) .

## تـــرس

دەنگی نەرمی نۆتەی کـۆمـەڵە کـەمـانـێک .... لەقـوڵای شـانۆکـەوە وورد وورد وەک نەرمـە بارانێ دەتکایە سـەرسنگی شـەپۆلی کـۆمـەڵە نۆتەی پیـانۆیەک ، تێکەڵاو بوون و سەمـاکردنیـان هێندە هونەریانە بوو گـۆیگری بەرەو ئـارامـیـــەکی تـەنکی ژیان بەرێدەکـرد . ئەم نۆتـانە لەسەر قەوانێکی ( CD ) تۆمار کراوبوون . رۆژانە کە لەکار دەهاتەوە پێش خـۆشــتن و نـان خـواردن لەســەر قـەنەفـەی هۆڵەکـە ڕادەکـشــاو چاوەکـانی بۆ تاوێک لێکدەنا قـەوانەکەی دادەگـیـرسان و دەیـویست بەم ئاوازە ناسک و نەرمـانە مـاندووبوونی ( 8 ) هەشت کـاتژمـێـری کـاری ڕۆژانەی لە لەشی شکست و مــاندووی دەربکات . لەو کـاتەوەی بۆتە ئاشناو گـرێ هاوڕێ یەتی و خـۆشـەویســتـیـان بەست ، ئەویش گـوێ قوڵاغی ئەم شەپۆلە نۆتانە ببوو .سەری لەسەر شلکەی ڕانەکانی دانابوو ... هەسـتی دابووە بەر شـەپۆلی مـۆسـیـقـاکـە و ڕۆحی لەگـەڵ لەنجـەی نۆتەکاندا دەژیا .

پەنجە ڕەق و توکـاویە درێژەکانی لەنێو قژە زەردکورتەکەیدا دەگێڕا و

ئارامــیــەکی بەدەروونی دەدا ٠ پەنجـەی دەســتــەکـەی تری لەنێــو پەنجەکورتە خرپنەکانی دەسیدا تێکەڵاو ببوون و لەژێر مەمـمکۆڵەکانـیدا بەســۆزەوە لەباوەشی گـرتبـوو ٠ لەگـەڵ بەرزبوونەوەی گـەرمــای ڕۆحی وسەمای نۆتەکـان پەنجـەکانی دەستی گـوشی و بەئارامی بۆلای لێـوە بێـسـووراوەکـەی برد و لەسـەری پەنجـەکـانی حـەزی دەمـژی ، پێلوی چاوەشینەکانی بەرزکردەوە ، چەپکە سەرنجێکی خۆشەویستی بەروویدا پژاند و نوقومی حەزێکی قوڵ بوون ، سەری لەسەر ڕانەکانی بڵندکرد و ئارەمـە مـاچێکی کـورتی کـرد و سـەری زمـانـیـان کـەوتنە بازیکردن ( Mein Schatz ich liebe dich ) گـــەوهەرەکـــەم خـــۆشم دەوێـــــت ٠

والەیەک ئاڵابوون لەچەستەیەکی ڕووت دەچوون ، نێوانیان نەدەبینرا ، تەڕایی و عارەقی لەشیان تێکەڵاو دەبوو لەشیان بەسەریەکدا دەخشا و لەناخـیـانـدا حـەز دەکـوڵا .... لەو ژوورەدا تەنـیـا چپـە و ئۆفی حـەز و هەناسەی گەرم و دەنگی ماچ وخشـەی پێـخەف و چرکەی ئەو کاتژمێرەی ڕۆژانە شــەشی بەیانی بۆ کـــار بەئاگـــای دەهانینەوە ، هیـــچی تر نەدەبیـسـترا ، تەکـانە حەزاویەکان پاڵی بەهەردووکیـانەوە دەنا لە ناو پێـخەفـەکەدا بەسـەر یەکـتـریدا گـڕمـۆڵە ببـوون ٠ لە دوا تەکانی لوتکەی حـەزیاندا مـوچڕکـەیەک هەمـوو خـانەکـانی لەشـیـانی هانیـە لەرزە و دەستەکانی شل بوون و بەسەر لاشە خرپنە کورتە بنە سافەکەیدا توایەوە .... هەناسـەیان ئارام و ئارامـتـر دەبـبـووە ٠ مـاچەکـانیـان هێـدی هێـدی وورە و ووردتر دەبۆوە .... لـەپشـتـەوە و بەسـۆزەوە لەباوەشی گـرتبـوو ... سـەری لەسـەرقـۆڵێکی ڕاخسـتبـوو ، قـاچەکـانیـان لاولاو ئاسـایی لەیەک ئاڵابوون ... لەدنیایەکی بێدەنگی و لەناو پێـخەفێکی نەرم وشلی پەمەیی مەڵاس ببوون ... بەتەڕای دوای مژینی نەرمۆڵەکانی سەرسنگی بەدڵی پەنجـەی وازی بەگـۆپکەکـانی دەکـرد ، هەریەکـەیان ڕێچکەی خەیاڵی بەلایەکدا تەیکردبوو ، چاوەکانی لەگەڵ چرکە و تەکانی میللی کـــاتژمـــێـــرەکـــە بەرەو خــوار و بەرەوژوور دەبوونەوە ٠ بێـــدەنگیـــەک هەردووکیانی لەباوەشگرتبوو ، لەناکاو هەنسکێکی پەنگ خواربوونەوەی

دەروونێکی هاژاو پشتە ڕووتەکەی لە سنگە تووکاویە زبرەکەی خشاند و دڵۆپێک و دووان وسیان فرمێسک تکایە سەر قۆڵە ڕووتەکەی و بەناو تووکەکانی سەرقۆڵیدا بڵاوبوونەوە ... هەڵوێستەی بە ڕێچکەی خەیاڵەکەی کرد بەئەسپای وەرچەرخاو بەناسکیەوە فرمێسکەکانی بۆسڕی ، قژە کورتە زەردە شێواو و تێکەڵاوەکەی لابرد و ناسکە ماچێکی لاملی کرد .

ــ فرمێسکی بەختیاریە ..... ؟!

بێدەنگی بووە پردێک و چەندەها پرسیاری کتوپڕی لە نیوان چاوەکانیاندا پەڕاندەوە ... هەنسکی قووڵ و فرمێسک و نیگا ی بەزەیی تێکەڵاوی ڕەنگی شینی چاوەکانی دەبوون و وێنەی تابلۆیەکی تراجیدی دەنواند ... لێوی لە هەر شۆێنێکی لەشی نزیک بوایە ماچی گەرم و سۆزی دەکرد ..توند نووساندی بەخۆیەوە ، بە بێدەنگی سەری خستە لای ملیەوە هەناسەی گەرمی گەردنی ختووکە دەدا .

ــ لەو ساتەوەی تۆم ناسیوە خۆشەویستیت سات لە دوای سات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئۆقرەی لێهەڵگرتووم ... پێش تۆ هاوڕێم هەبوو بەڵام هیچیان ئەو سۆز وباوەشەگەرمەی تۆیان نەبووە ڕۆحم هێندەی لای تۆ ئارام دەبێ لای ئەوان وانە بووە دەکری لەش و خوێن و پێست و سۆزی تۆ بەرهەمی سروشتێکی جیاواز ترلە و سروشتەی منی هانیوەتە بەرهەم ، خۆشەویستیت شتێکی پیرۆزە ... ماچت ، حەزت ، باوەشی گەرمت بەختیارم دەکات ... ژیان لەگەڵ تۆدا تامەزرۆیەکی تایبەتی هەیە تا تەمەنی بیست وچوار ساڵیەم نەم چەشتووە بڕوادەکەی ئەو کاتانەی لەسەر کاریشم ، لێت دوورنیم و لەگەڵ ڕۆحما دەژیت !!

ــ منیش گیانە ... زۆر دەمێکە نامۆیی و غوربەت و بێکچی دۆزەخێک بوون و چرکەکانی ژیانمی هەڵدەپڕوکان .

هەردووکیان بێدەنگ ببوون . ئەودەستی سۆزی بە پشتە ڕووتەکەیدا دەهانی و ئەویش بەدەم وووردە ماچەوە لە لاملیەوە وورده وورده خزایە نیوان مەمکۆڵەکانی و سەری لە نێوانیاندا هەڵخست و گوێی لە ترپەو پاشماوەی هەنسکی کوولی دەگرت .

ــ پێت نەووەتم بۆچی دەگریت ؟

پرسیارەکەی بێ وەڵام بوو ... پەنچە کورتە خرپنەکانی لەنیۆ قژە ماش وبرنجیە ئاڵۆسکاوەکەیدا دەگێڕا .... تووند سەری نووساند بوو بەسنگیەوە چاوەشینە ڕاماوەکانی لە بنمیچی ژوورەکە گیر کردبوو ....

ـ لەوەدەچێ گەرمی دەروون و سۆزی هەناسەیم پێئاشنا بکات ، خۆ دەمێکە هەناسەمان ئاشنا ی یەکە ٠

به هەناسەیەکی پڕی سیەکانی سەری ئەو سنگی خۆی بەرزکردەوە و نوزەی پرسیارێکی تاساوی بەگوێدا چپان .

ـ شیرینەکەم کەی دەچیتەوە بۆ کوردستان ؟

ـ دوو مانگی تر .... گەرەکمە نەورۆز لە سلێمانی بم ٠

پەنچەکانی ناو قژە ماش و برنجیەکەی لە جوڵە کەوت .کەمێک بێدەنگی دایگرت و بەئەسپای ووتی .

ـ دەترســم ......!!

ـ لەچی ......؟

ـ لەسەردانی کوردستانت ....

ـ گەوهەرەکەم . مەترسە ، ئێستا کوردستان ئاسایشەو و شەڕو بەیەکدادانیش لە سلیمانیەوە دوورە ... ئەوەشی ڕۆژنامەکان نووسیویانە کۆتای هات ٠

ـ ئەمە ترسی من نیە .... دەزانم ئێوەی کورد بە هەڕەشە گۆشکراون و لە وەتەی هەن لەترسا دەژین ... ترسی من خەمێکی گەورە و کۆسپێکی ترە ... ترسی درۆ .... دەستخەڕۆیی .... بازیکردن و دەست بڕینە ٠

موچڕکەیەک پێستی لەشی گرژکرد و لەسەرسنگە ڕووتەکەی هاتەخۆاری چوە سەرچۆک ٠

ـ تائێستا کە بڕواناکەیت خۆشم دەوێــت ؟

ـ با ....با ... خۆشەویستیت هێندە گەرمە ، سۆزت هێندە زۆرە ، باوەشت هێندە مهرەبانە ، ناتوانم گومانم هەبێ ٠

برۆکانی هاتنە وەیەک

ـ ئەی ئەم پرسیارە گوماناویە چیە ؟!

ـ لێم ببوورە ئەگەر بڵێم زۆر لە هاوڕێکانت .... ماچی قەڵب ،

شیعری فشه .... باوەشی درۆیان بە کچە ئەڵمانی  بە هەراچ فرۆشت ، دوای چەند ساڵ پێکەوە بوون ورۆمانە خۆشەویستی ، کە گەڕانەوە بۆ کوردستان کچە کوردێکیان کردە هاوسەر و شەقێکیان لە هەموو مێژوو و ڕۆمان و خۆشەویستی و شیعر هەڵدا ... ئەمە کۆستی گەورەی منە ٠ زۆر دەترسم کۆشکی سۆز و خۆشەویستیمان بڕمێنی و ئەو بەختیاریەی بۆتە قیبلەی هیواکانم بیقرتێنی !

برۆ و چرچرکـــانی ناوچەوانی ڕێک بوونەوە و ناوچەوانی بەرێزەوە ماچکرد ٠

ـ گەوهەرەکەم ، تا ئەو ڕۆژەی مەلی خۆشەویستی هێلانەی دڵمان بەجێ نەهێڵێ ، دڵنیابە بەجێت ناهێڵم .... خۆشەویستی گەوهەرێکە لەدەریای حەزی هەموو ئافرەتێکدا چنگ ناکەوێ .... ناتوانم کەسێکم خۆشنەوێ و بیکمە هاوژینم ٠ ئەمەش مێژوو مەحەکێتی ٠

باوەشیان بەیەکداکرد و لە ژێر چەرچەفە پەمەیەکەدا لە یەک ئاڵان

چوارنــــــان

پێشکەش بەفەرهادتەپە

ئێـوارەیەکی پایز بـوو ٠ پڕوشـەی نەرمـە بـارانێکی تەنک وورد وورد دەباری و گەڵا زەرد هەڵوەریوەکانی درەختەکانی گویێ شەقامەکانی ، بە پیێـرە و سنگی جـادەکـاندا مـەڵـاس کـردبوو ، بەپەلە هەنگاوەکـانی بەرەو دەرگـای سۆپەرمـارکـتـە گـەورەکـە دەنا .... پاشـمـاوەی هاژە و هوژەی مەکـینەی چاپخانەکـە و دەنگی قۆڕە قۆڕی برسێتی گەدەی نەبێ هیچ شـتـێکی تر لەمـێـشکـیـدا نەبوو .... بەدەم ڕۆیشـتنەوە سـەیرێکی کـاتژمێر ە هەڵواسراوەکەی قەد دیواری کەنیسەکەی بەرامبەری کرد ، دە خولەکی گەرەکە بۆ ( ١٨ ) ٠(( کاتی کڕینم کەمە .... سوپەرمارکەتەش گرانە وهەر ئەوەندە دەکرم ئێمشەو برسی نەبم و ڕۆژی شەممە دەچم بۆ ( Alde ) و بـازاڕێ بەدڵـی خـۆم دەکـەم )) بەدەسـتـێکی پاڵی بە گالێسکەی کڕینەکەوە دەنا دەستەکەی تریشی وەک بەسەری منداڵێکی برسیدا بـهێنی و لەکورووزانەوەی برسێتی بخات ، ئاوا خستبوویە سەر گەدەی بەتاڵی ٠ بەپەلە پێویستیـەکانی دەخستە گالیسکەکەوە .... لەبەر خۆیەوە لەتەک خۆیدا دەدوا٠

ــ لەم ووڵـاتەدا کـات بۆتە مـڵـۆزم بواری بیـرکـردنەوەی تەسککردۆتەوە ٠ چەندم گەرەکە بگەمە ماڵەوە و خواردنێک درووستبکەم ؟؟ لەم ووڵـاتەدا هەمـوو شـتـەکـان سنووری بۆ دیاریکراوە ، لەهەمـووی سەختر سنوری کاتە ...... مرۆڤ وەک قورمیشکرابێ ، ڕۆبۆتە ئاسایی هەڵدەسووڕێ .... زیاتر بەخەبەر بی ... کەم دەنوویت ... کەم نووستی بۆ بەیانی ووزەت کەمە .... کەوزەت کەم بوو لە سەرکار سست و لاوازی و خـەواڵودەبی ...خـەواڵو بوونیش لەسـەر کـار بڤـەیە ، زۆر ئاسـانە بەتاوانی باوێشکی یان دووان و سیان بەئاسای لەسەر کار دەربکرێیت ......ئەوسا بێکاردەبی ...بێکاریی بوونیش مـەینەتیـە .... هەشت بۆ نووسـتن + هەشت بۆ ژیان + هەشت بۆ کـار دەکـاتە بیـست و چوار ٠ ئیستوپێکی کوتوپڕی بە بیرکردنەوەی گرت ...نا ....نا وانیە دە بۆ کار ، دووکاتژمێر بۆ چوون و هاتنە و پشووی نان خۆاردنی بەیانی و نیوەڕۆ ... کەواتە شـەش کـاتژمـێر بۆ ژیان ... دەبێ لە هەشت کـاتژمێر کـەمتـر نەنووم ، تابەیانی ژمارەی باوێشکەکانم زۆر نەبێ ... بۆ منی سەرڕەش

و پێس قاوەیی ژمارەی باوێشکەکانم کەمترە بۆ دەرکردنم

ترس و دڵە خوپەی سەرکارەکەی هاتەوە یاد چەند دڵرەق و بێ بەزییە بەرامبەر بەکرێکارەکان و دیمەنەکەی ئێمڕوی بڕێگیتای هاوکاری هانیەوە بەرچاوی . سەر ئێشەو لاوازی و ستیەک ( بڕێگیتا ) ی لە کاتی خوێن بوونیدا دادەگرت ، سەرکارەکە بەدەروونی ئەو ناسکە کیژە نامۆ بوو ، بەسەریا قیڕانی و چاوەکانی لێزیتکردەوە .

ــ ئەم ستی و لاوازیەی تۆ بۆتە هۆی پەککەوتنی سەدەها کیلۆ کاغەز ... گەرەکتە کاربکەی ؟؟ ( پەنچەی هەڕەشەی بۆ درێژکرد ) .. دەبێ وەک ئەو ئامێرانە چالاک بیت !! ( بڕیگیتا ) بە چاوەشینەکانی شەپۆلی پرسیارێکی بەزەییانەی بەڕوویدا پژاند و بەشێک لە ئازارەکەی داییە ، ئەمیش شانێکی بێدەسەڵاتی بۆ هەڵتەکاندو ...لە ترسی سەرکارەکەی سەری بەسەرمەکینەکەدا شۆڕکردەوە هەر ئەو ڕۆژە دوای تەوا و بوونی کار نامەی دەرکردنیان دایەدەست ( بڕێگیتا ) .

ــ ( بەکزیەوە لەیەکتری نزیک بوونەوە چاویان لەیک بڕی بڕێگیتا قوڕگی لە گریان پڕبووبو ) .... یەکتری دەبینین ؟

ــ نازانم

ــ حەزدەکەم پەیوەندیمان نەبڕێ !

ــ منیش ، بەڵام ناتوانم بەڵێنت بدەمێ .... ئەم شارە کاری کەمە و دەبێ هەر لە بەیانییەوە عەوداڵی پەیداکردنی کارێک بم .... لە وانەشە ئەم شارە بە جێبهێڵم ... لە هەر شوێنی کارم بۆ پەیدا بێ دەبێ دوای کەوم . ( دەستەکانی خستە ناو دەستیەوە ) ... خۆزگە هەموو کرێکارێک هوشیار بوایە

ماڵئاوای لە من و لە چاپخانەکە کرد ....هێشتا لەبەر دەم کاسەکەدا و لە پشت چەند کەسێکەوە وەستا بوو چمکێکی لە نانە بچکۆلانەکەی ناوزەرفەکە کردەوە و بە نیوە جوراوی قووتی دا و قۆڕە قۆڕی گەدەی پێ بێدەنگکرد .... وەک پیشەی هەموو ڕۆژانی پێش چوونە ماڵەوەی دەرگای کاسەی پۆستەکەی کردەوە و کۆمەڵی نامە و ڕۆژنامە و ڕیکلامەی تێدابوو .... لەگەڵ سەرکەوتنی بە پلیکانەکاندا چاوی بەنامەکاندا دەگێڕا یەکێک لە نامەکانی پولێکی کەللەسەری ( ئەتاتورکی

) پێوە بوو و لە تورکیاوە هاتوە ، بەدەم ڕێگە وە نامەکەی خستە سەر هەموو پۆستەکە و چاوی بۆ نووسەرەکەی گێڕا هیچ ناوێکی پێوە نەبوو ، دەرگای ژووورە سارد و سڕە تاریکەکەی کردە وە و گلۆپی سەر مێزی خۆاردنەکەی داگیر ساندوو شتە کراوەکانی لەسەرمێزەکە بڵاوکردەوە و چمکێکی تری لە نانە بجکۆلانەکە کردەوە بە پەلە خستیە دەمی و دەمی پاکەتە شیرەکەی یەکالاکردە و یەک دوو قومی لە شیرەکەدا و نانە جوراوەکەی دەمی پیی ڕاوانە ی گەدەی بەتالی کرد ۰ لە پێش هەموو پۆستەکەیدا دەمی نامەکەی تورکیای ترازاندو بۆ دەرهێنانی نامەکە دووپەنجەی کرد بە مقاش و کردی بەزەرفەکەدا، پەنجەکانی بەناو کۆمەڵێ کاغەزی پارچە پارچەکراوی ووردکراودا و چوو وهەستی ڕاچڵەکاند ، بەخێرای ڕژانیە سەر مێزەکە و دەمی زەرفەکەی سەروە خۆارکرد بەهیوای ئەوەی نامەیەکی تێدابێ ، دوا پارچە کاغەزیی دڕاو هاتنە خۆارەوە .... چاوەکانی لە نێوان تاوی کۆمەڵە پرسیارێکی ئالۆسکاودا وڕما ...!!یەکە یەکە لەپارچە کاغەزەکانی دەڕوانی و ووشە و ڕستە پچڕ پچڕەکانی دەخوێندەوە ، لە پارچە کاغەزیکیندا ڕستەی هاوڕێت فەرهاد تەپە ، وتمان خوێندەوە .... تێگەیشت نامەی فەرهادی هاوڕیەتی .... ئەوەندەی تر ئۆقرەی لێهەڵگیرا ، لە دوای گرتنەکەیەوە نامەی بۆ نە ناردبوو و لەگێژاوی پرسیارەکاندا شڵە ژا ... پالێکی بە شتە کراوەکانی سەرمێزەکەوەنا و پارەچە کاغەزەکانی لەسەر مێزەکە بڵاوکردەوە ووشە لە دوای ووشە ڕستە لە دوای ڕستە یەکی دەخستن و هەتا نامەیەکی دڕاو چرچولۆچی لە سەر مێزەکە پێدروستکردن ۰

گەرچی فەرهاد لەزیندان ئازادکرابوو بەڵام شوێنە داخکراوەکان و برینەکانی لەشی ساڕێژ نە ببوون ، نووسین و وێنە گرتن و کارکردنی وەک ڕۆژنامە نووسێک لێقەدەغەکرابوو ، ئەمانەش بۆ فەرهاد نەک تەنیا پیشە بوو بۆی ، بەڵکو وەک خۆراکی ڕۆحی لێهاتبوو... ماڵ و شار و شەقام و ووڵاتەکەی و هەموو کوون و قوژبنێکی شارەکەی لێ ببووە زیندان و سیخوڕ و پیاوانی ڕژێمی تێدا دەبینبە پییێ پەتی ، سەرو ڕیش هاتوو و چڵکن بەناو هۆڵی خانووەکەیاندا پیاسەی خیرای دەکرد ، ڕۆژ

بەرۆژ ژمـــارەی جگەرەکـــانی لەزیاد بووندا بـوو ، نەک هۆڵەکــە بەڵکو هەمـوو کون و قـوژبنێکی خـانووەکە و وەک سـەر و سمـێڵ و دەم ودانی و هەناسـەی و جلەکـانی بۆنی جگەرەیان لێنشـتـبـوو ، ببووە بەشـێک لە جگەرە و جگەرە بەشـێکی گـرنگی ژیانی..... هولۆێستـەیەکی کـرد و مـژێکی قـوڵی لە جگەرەکـەی دا و پڕ بە هەردووسـیـەکـانی دووکـەڵی هەڵمـژی و چووە بەردەم ڕەفەی پەرتووکەکانی و ، بەئەسـپـای دەسـتی بەقـــەراغی پەرتووەکـــاندا هانی و پەرتووکـــێکی دەرهێنا و بەدەم هەناسـەدانەوە چەپکە دوکـەڵێکی تەنکی بە نێـو لاپەڕەکـانیـدا کـرد و چاوێکی کـورتی بەلاپەڕەکـانیـا خـشـاند و بە بێـزاریەوە لێکینایەوە بەهێمنیەوە خستێوە شوێنی خۆی .. بەوە هوشیـار بوو بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە دەروونیەکاندا باشترین ڕێگە نووسین و نەخشە کێشانە ٠

ـ ( کـەوتـبـوە گـفـتـوگـۆ لەگـەڵ خـۆیـدا )..... چی بۆ بنووسـم و بۆکێ ؟؟؟ هەست دەکـەم ڕۆحم برسـیـەتی .... برسی نـووسـین و کـاغـەز و ڕۆژنامـە و وێنە گـرتن .... چووە بەردەم مێـزی نووسـینەکەی و کـاغـەز و ڕۆژنامە و پەرتووکە پەرشوبڵاوەکان و کامیـرە تۆز لێنشتـووەکەی تابلۆی تراجدیای ڕۆژنامە نووسێکیان دەنەخشاند . پاکەت و شقارتە و تەپڵەکە جگەرە پڕ سـووتووەکەی هەڵگرت و لە سـەرمێـزی نووسـینەکەی داینا ، پاڵێکی بەکـاغـەز و ڕۆژنامـە پەرش وبڵاوەکـانەوە ناو پەڕەیەکی سپی خستە بەردەستی ٠

( دەبێ بۆی بنووسم ، ئەم چیرۆکە نەمرێ ... بەشێکە لە ژیانی ڕاستی ئەم گـەلە ) پێش نووسـینی یەکەم ووشـەی وەک گـەرەکی بێ هێـزێک بەخۆی بدا و نووسینەکەی جوان داڕێژێ .... مژێکی لە جگەرەکەیدا و هەمـوو دووکـەڵەکـەی لە ناخـیـدا حـەشـاردا ، لە گـەڵ هەناسـەیدا لو کوونـەلووتە پڕ مـووەکانیـەوە چەند تاڵی باریکی دووکەڵ بە نیـو سـمێـڵـە ماش و برنجیەکیدا ترازان و تێکەڵاوی هەوای ژوورەکە بوون ٠

( هاوڕێم ، مــێــژووی ئەم ووڵاتە ، ڕۆمــانێکی شــەرمــاویە ... پاڵەوەنەکانی کـۆمـەڵێ جـەنەڕاڵ و سـەرباز و سـیـخـوڕی دەست خوێناویە .... ڕۆمـانێکی دوو بەندیە ، بەندی یەکەم لە سلطان عـثـمـانەوە دەست پێدەکات تا سلطان عبدالحمید .... بەندی دووهەم لە ئەتاتورکەوە تا

چیلەرە .... ئەم ڕۆمانە مێژووی دەوڵەتی تورکیای خوێناویە ) مژێکی تری لە جگەرەکەی داو چاوەکانی هەڵگلۆفت .... پرسیارێکە و ئەرکمانە دەبێ ئێمەی مرۆڤی ئەم سەردەمە بیکەین .... ڕێگە نەدەین بەندی سێهەمی ئەم ڕۆمانە هەر خۆێناوی بێ ؟؟!! ووشە و ڕستەکانی سەر لێوی لەگەڵ بارە دروونیە هاژاوەکەیدا تێکەڵاو ببوون و بە ماسوولکەی پەنجەکانیدا تێدەپەڕین و پاڵی بە نووکی پێنووسەکەوە دەنا و ووشە و ڕستەکانی بەتۆخی دەنووسی و ئازارە دەروونیەکانی پێ سارێژ دەکرد ، هەستی دەکرد بەرامبەر کۆمەڵی خەڵک وەستاوە و ووتاریان بۆ دەخوێنێتەوە لەناخیدا دەیقیژان خەڵکینە با مێژووی داهەتوومان چەوسانەو خۆێناوی نەبێ . دێر لە دوای دێر نامەکەی دەڕازاندەوە ..... چاوەکانی لە ناو ڕستەکاندا ووڕما و پەنجەکانی لە نووسین کەوتن و پێنووسەکەی داناو دەستەکانی کردە کۆڵەکەو سەروقژە ئاڵۆسکاوە چڵکنەکەی لەسەر ڕاگرت و بەسەر نامەکەدا سەری شۆڕکردەوە ، هەیەژانە دەروونیەکەی چاوی پێلێکنا و ئەندیشەی بوە پردێک و ژیانی مانگی لەمەو پێشی هانیەوە پێش چاوی خۆی ٠

وەک کۆیلەی ڕەش بەدەست بەسراوی لە ژووری زیندانەکە و لەسەر چۆکی بەرامبەر جەلادەکە وەستابوو . چاوی لەچاوەتورەکانی بڕی و بەدەستە بەسراوەکەی پشتیەوە تەکانێکی بەشانیەوە ناو لەسەر ئەژنۆ بەیندار بووەکەی سەرکۆنکرێتی زیندانەکە ، کەمێک ڕاست بووە ، لە جەلادەکە نزیک بووە و بەهێمنیەوە پیی ووت .

ــ بۆ لۆم دەدەی ؟ تاوانم چیە ..؟ من دژی ئێوە هیچم نەنوسیوە .... ( تەڕای ناودەمی قوتداو چاوەکانی کەمێک زەقکردەوە )و .... ژن و منداڵت هەیە ؟؟

جەلادەکە گۆیقوڵاغی پرسیارەکانی بوو و سەری بۆ لەقاندن و ووتی

ــ بەڵی ژن و منداڵم هەیە ٠

ــ خۆشت دەوێـــــن ؟؟

ــ بێگومان !!

ــ زۆر چاکە یانی مانای خۆشەویستی دەزانی ....؟

ــ جەلادەکە سەرێکی بۆ لەقاند ٠

ـــ  من هەمـوو مـرۆڤـەكـانی ئەم ولّاتەم خـۆشـدەوی  منداڵەكـانی تۆش بۆیە وێنەیان دەگرم .... پرسیاری  هۆی برسی بوونیانم نووسیوە !! ئایا ئەمە تاوانە ؟؟

جەلادەكە دەستی بەسمێڵە ڕەشە ئەستوورەكەیدا دەهانی ... چاوەڕی كۆتای پرسیارەكانی دەكرد ، چەند تاڵێكی لەسمێلّی ڕاكێشاو خستیە نیـوان دانەكـانیـەوە پارچە پارچە كـرۆشـتی ... كـەمـێك ڕامـاو بە بێ دەنگی بەرامبـەر یەكـتـری وەسـتـابوون و پرسـیـاری بێدەنگی چاوەكـانی یەكتریان دەخوێندەوە .... جەلادەكە لەناكاو پارچە سمێڵە كرۆشاوەكانی ناودەمی تفكردەوەو .

ـ دەتەوێت بەم قسـانـە نانبـڕاوم بكەی ؟ ( هەڵی واسی و بەقـامـچی هاتە وێزەی ، لەگـەڵ لیـدانی قـامـچیـەكـاندا ) نانی من لە هەڵـواسـین و لێـدانی تۆدایە چاوەكـانی فـەرهاد پڕ بوون لە ئاو زمـانـی لە ناودەمـیـدا ئاوسـا و مـێـشـكی گـوشـرا و باڵ و قـۆڵی چەمـا ... هەزارەها هاوار لە ڕووبەری ژوورەكـەدا خنكا ئاوی چاوەكـانی زیادیكرد خـوڕ خـوڕ بە سـەر ڕوومەتە پڕ مووەكەیدا دەتكانە سەر زەویەكە كۆمەڵە.پرسیـارێكی ئاهاوی لەدەرونیا كەوتنە جووڵە ... چۆن ئەم كۆمەڵگایەیان بە فـایرۆسی ڕاسست نەخـۆشكردووە ، كوشـتن و هەڵواسین و ئەشكەنجە بۆتە پیشـە بۆ ژیانی زۆر كـرس ... ئەمـە وولّاتە یان قـوتابخـانەی تیـرۆر و كـوشـتن و ترس و پیـسـكردنی مـرۆڤـە ؟؟ لەم پرسـیـارانەدابوو لە هۆش خـویچـوو .... جەلادەكە بە سەر كۆنكرێتی ژووی زیندانەكەدا بەریدایەوە و... بە لەشی خوێناوی و دەست بەسراویەوە بەجێهێشت

مـوچڕكـەیەك بەهەمـوو لەشـیـا هات و هاتەوە ژیانی ژوورەكـەی ، مـشـتـەكۆڵەیەكی تورە بوونی دابە سەر مـیـزەكـەداو پاشمـاوەی جگەرە و سووتووەكانی ناوتەپڵەكەكە بەسەرمێزەكەدا پەرش وبڵّاو بوونەوە و هەنی سـووتوو پەڕانە سـەر لاپەڕەی نامـەكـە ، بە فـوویەك بڵـاوەی پێكردن ، دەستیكردەوە بەنووسین.

( هاوڕێم لە وڕۆژەوەی لەزیندان ئازادكـــراوم ... كـــاری ڕۆژنامـــە نووســینیــان لێــقــەدەغــەكـردووم ... بۆ ژیان لای نانەوەنەخــانەیەكی گـەڕەكـێكی برسی خـەریكی نانفرۆشـتنم ...دانیـشـتـوانی ئەم گـەڕەكـە

بەگشتی تۆزی ماندوویەتی و بێکاری و برسیەتی بە ڕوویانەوە مالاس بووە ، لەسیمای هەرکەرسێک و ژیانی هەر خێزانێک بڕوانی چیرۆکی و ڕۆمانی دەخوێنیتەوە ، بازوەکان لەترسی قامچی ڕژێم پساون و دەورووەنەکان لە تاو برسیەتی ڕماون .... خۆشەویستی شیعر ...شانۆ ...مۆسیقا بوونەتە خەمی پەیداکردنی نانی ژەمەکان ) چەند تالّ لە قژە چلّکنەکەی ترازانە سەر ناوچەوانی و ختووکەی پشتی ناوچەوانی داو هەلّۆیستەیەکی لە نووسینە کەی کرد و مژێکی توندی لە جگەرەکەی داو ... لە ماوەیکی کەمدا ئاشنای ڕووەکان و قەبارەی گەدەی برسیەکان بووم بۆیە پێش گەیشتنی مشتەریەکان بۆ بەر مێزەکە نانەکانیانم بۆ ئامادە دەکردن ، لە ڕیزەکەدا کیژۆلّەیەک سەرەی گرتبوو ، لە نیوان بالّاکاندا سەریکی لارکردەو وتیشکی ئاشنایەتیەکی کەمی چەند ڕۆژەی بەڕوومدا پژاند ( دەمێک بوو ئەو پرسیارەم لە خۆ کرد بوو ئەم بەرگە ڕەنگین و ئالّوو والّایە و ئەم قژە نارێکە براوە چلّکنە لە دانیشتوی شار ناچێ ، پێش گەیشتنی و داواکردنی نانەکانی وەک چەند ڕۆژ لەم وبەر شەش نانم بۆ پێچایەوە .... خستمە بەر دەستی ) ٠ ملێکی لار کردەوە بەزمانێکی تورکی شەقوشڕەوە ووتی

ــ بۆگن ئەمجە سادە دۆیرن یکمیک لازم ( مامە گیان ئیمڕۆ چوار نانم گەرەکە ) مشتە خرپنەکەی ئاوالّاکردەو پارەی چوار نانی لەسەر مێزەکە داناو و دوونانی لەشەش نانەکە جیاکردەوە .... ماخۆلانی پرسیارێکم لا درووست بوو .... بۆچی ئیمڕۆ چوار نان دەکرێ .... لێنزیک بوومەوە ،

ــ ناوت چــیە ؟

ــ گولّنـــاز ٠

ــ تەمەنت چەنـدە یە ؟

ــ نازانــــم

ــ وادیارە تۆ تورک نیــت ؟

پێستە خەنەیەکەی سوور هەلّگەڕاو ... پەردەی ترسێ چاوەکانی ئەبلّەقکرد ، بەبێ دەنگی گلێنەی چاوەڕەشەکانی لە ئاستی چاوەکانما ڕاگرت ..دەیزانی کوردبوون لەم وولّاتەدا بقەیە ... شەرمێک هەموو

جەستەی گرتم ، هەستم بە تاوانێکی گەورەکرد ... دانەویمەوە و دەستم بەقژە ڕەشە چڵکنەکەیدا هانی ... کەمێک ترسم لێڕەووانە و بەئەسپای سەرم لەسەری نزیک خستەوە و بە گوێیدا چرپاندم .
ـ مەترسە منیش کوردم .
بزەیەک لەڕووی پژاو ڕەنگی گۆڕا و .... چاوەکانی گەش بوونەوە .
ـ لە کوێوە هاتوویت ؟
ـ ناوچەی دەرسیمەوە .
زانیم قوربانیەکی هێرشەکانی سوپای دڕندەکەی تورکیە و یەکێکە لەو دوومیلوین کوردەی ناتوانن بە کۆیلەیش لە نیشتمانی خۆیاندا بژین .. لە باوەشم گرت .
ـ بۆچی ئیمڕۆ چوار نان دەکڕی ؟؟ کەسێک لە خێزانەکەتان کەم بۆتەوە ؟؟؟ ئەم جوارنانە بۆ چەند کەس ؟؟ ئارامم لێهەڵگیرابوو وەک ڕۆژنامە نوسێکی تینوو بۆڕاستیەکان پرسیارەکانم ڕیزدەکرد ...
ـ نا هەرەوک خۆمانین .... ئەم چوار نانە بۆ من و دایکم و باوکم و خوشکە شیرە خۆرەکەم .
ـ ئەی بۆچی ئیمڕۆ دوونانت کەمکڕی ؟؟
ـ باوکم چەند ڕۆژە بێکارە .... دەبێ ئیتر نان کەم بخۆین
کزەیەک لە دەروونی دام ... زیاتر سەرو قژە چڵکنەکەیم لە باوەشگرت و نووساندم بە خۆمە وە ، دەستیکم بۆ سەر میزەکە دریژکرد و دوونانم خستە سەر چوارنانکەی
ـ هەتا من لێرەبم هەموو ڕۆژێک شەش نانت دەدەمێ ، بەزمانە تازە پژاوە تورکیەکەیەوە ووتی
ـ بۆگن ئیمکیک ئەمجە ئۆجۆزمۆ ( خاڵە ئیمڕۆ نان هەرزان بووە وا بە پارەی جوار نان شەش نانم دەدەیتێ ) ؟!
ـ لەم وولاتە جەنگلستانەدا چاوەڕێی هەرزان بوونی نان مەکە .
وەک دەستکەوتێکی گەورەی دەستکەوتبێ شەش نانەکەی لەباوەشگرت و بەقەڵەمباز و دڵخۆشیەوە بەناو کۆڵانە چڵپاویەکەدا بەرەو ماڵ ڕایکرد ... دوا ووشەی ڕستەی نامەکەی نووسی و هەناسەیەکی هەڵکێشا و مێزی نووسین و نامەکەی بەجێهێشت و بەرامبەر پەنجەرەی ژووورەکەی

بە بێدەنگی دەیڕوانیـە بۆ شایی ئاسـمـان و لە گـێـژاوێکی دوودڵـیـدا گنگڵی دەخـوارد . ( کـاشکـی ڕۆژنامـەیەک ، گـوڤـارێک هەبوایە ئەم چیرۆکەی تێدا بڵاو بکرایەتەوە ) جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی دەرهانی ، خستـەیە نیـوان لێوە ووشـهـەڵاتوەکـانیە وە ئاگری پێـوەنا بەقـەبارەی سیـیـەکـانی دووکـوڵی هەڵمـژی .... ئاوڕێکی لەنامـەکـە دایەوە ڕەگی تووڕەبوونـی ڕاکـێـشـراو دوای چەند مـژێکی قـوڵ جگەرەکـەی بەتووڕەیەوە لەنـاو تەپڵـەکـەدا پلیـشـانەوە ... بە پەنجـەکـانی هەردوو دەسـتـی پڕی بەنامەکەدا کرد و چاوەکانی لە نیو ڕستەکانیدا وورما ... پاش کەمێک ڕامـان بەتووندی لەنیـو پەنجەکـانی دەسـتـیـدا گـرمـۆڵەی کـرد و پارچە پارچە دڕاندی و فڕیدایە سەر مێزەکە .

ــ بۆی نانێرم ، ئەویش لە ئاڵمانیا گیرو گرفتی تایبەتی خۆی هەیە ....وەک پە نا بۆ یارمـەتیـەک بەرێ ، بەتووندی جنگی بە پاکـەت و شـقـارتەکـەیدا کـرد و ، جگەرەیەکی دەرهانی و بەنـاو ژوورەکـەدا کـەوتە پیاسەکردنێکی نائارامی لەتاو هەیەژانی دەروونی ملی چەند جاری بە لای ڕاست و چەپدا تەقـانـد ، پاش کـەمـێک گـەڕایەوە سـەرمـیـزی نووسـینەکـەی ، بەدیار پارچە کـاغـەزە دڕاوەکـانی نامـەکـەیەوە ڕامـا پەنجەکانی لەنیـوان دەگێڕا ، پەشیمـانیەک دایگرت هەستی بە تاوانیک کرد ، ( با ئەم چیرۆکە نەمرێت ) لە سەر مێزکە کۆیکردنەوە .

ــ بۆی دەنێـرم ، هیچ نەبی با ئەو تاقـە گـەواهی ئەم ڕاسـتـیـە بێ .... زەرفی نامەیەکی لە چەکمەجەی مێزەکەی دەرهانی و بە پەلە ناو و نیشـانی هاوڕێکەی لە سـەر نووسی ، پارچە کـاغـەزەکـانی تێـخست و زمـانێکی تەڕی بە قـەراغـی سـەری نامەکەدا هانی و دایخست .

سەرمای ژوورەکـە و قـۆڕە قـۆڕی گەدەی هەرەسی پێـهـانی ، سـەیرێکی کاتژمێری قەراغی پەنجەرەکەی بەرامبەری کرد .

ــ کات درەنگە و فریای دروستکردنی خواردنێک ناکەوم ، ( پاش مـاوەی نانە بچوکەکەی خستە دەمیەوە و چەند قوم شیری ساردی بەسەرداکرد ، ( دەبێ بنووم تا بەیانی لەسەر کار باوێشک نەدەم )

١ ) فـەرهاد تـەپە ، ڕۆژنامـە نـووسـیکی هـوشـیـاری کـورد بـوو لەسـەر ووتارەکـانی و کـێـشـە مـرۆڤـایەتیـەکـانی مـرۆڤی کـورد ڕژێمی تـورکی تیرۆریکرد

٢ ) ( Alde ) بازاڕێـکی هەرزانە زوربەی هەژاران لەوێ شت دەکڕن .

کــورترین  درامــا   له جــیــهــاندا
به هونەرمەندی  جوانەمەرگکراو  ( ماجدی حەمە جوان ) ی

هاوڕێــــــم  پێشـــــکە شــــە

# تراجـــــــــــیدیای دایکێکی برســـــــی

سـەرتاپای لە بەرگی ڕەش هەڵکێشـرابوو ... لەبەردەم دەرگـای ڤـیلاسپـیـەکـەی سـەرۆکـدا بە چیـچکانـەوە هەڵکورمـابوو ، لە تۆپەڵی مەرەکەبی ڕەشی بە هەڵە ڕژاوی سەر پارچەیەک کاغـەزی سپی دەچوو ، پشـتی لە هەتاوە تیـژەکـە کـردبوو ، تیـشکی خـۆرەکـە دەرزیەکی سـوورەوەکراوە بوو ، لە پشت و پشـتـە ملی هەڵدەچەقی ٠ هێندە زمـانی برسێتی و تینوێتی بە لێوەکانیدا هانی بوو دەمی قەتماغەی بازنەیەکی سپی بەستبـوو ٠ قرچەی گەرمـاکەو برسێـتی و مـاندوو بوونـیی ، ڕەنگی ڕووی وەکی ڕەنگی بەرگەکـانی بەری ڕەش هەڵگەڕاندبوو ، دوو تیتکی سـپـی ئالۆسکاو لە ژێر سـەرپۆشـەکـەیەوە بەم لاو بەولای چەناگـەیدا هاتبـوونـە خـوارەوە و پارسـەنگی تابلۆی ڕوویەی مـاندوویان هێنابۆوە ....دەسـتی چەپی کـردبووە چەترێک و لە سـەر ناوچەوانی دانابوو ،

سێبەرێکی بۆ چاوەکزەکانی دروستکردبوو.. دەستەکەی تریشی لە باوەشدا بوو پاڵی بە گەدەی بەتاڵیەوە دەنا پیی .. لە چرکە ساتی چاوەڕوانی چوونە ژوورە وەی ڤیلاکەی سەرۆکدا دەژیا ٠

سەرۆک لە نیوان مێزێکی شووشە بەندی گەوەرە و دیوارێکی ڕەفەرداری بە پەرتووک چنراوی ڕێک و پێکی بێدەستکاریدا دانیشتبوو ... ڕیشی پاک تاشی بوو ، سەروکەللەی کەمێک بۆ پێشەوە شۆڕکردبۆوە ، چەورایی غەبغەبەکەی نیوە بازنەیەکی لە ژێر چەناگەیدا دروستکردبوو ....کوڕێکی گەنجی چەکدار دەستێ جلی ئوتوکراوی پاکی لەبەردا بوو بەبێ دەنگی وەکی مۆمیا لەتەنیشتیەوە بەپێوە وەستا بوو ، سرپەی هاتنە دەرەوەی هەوای فێنکی ئێرکۆندێشنەکە نەبێ هیچ دەنگێکی تر لە ژوورەکەدا نەدەبیسترا ٠

دایکە پیرەکە لەبەردەم مێزە شوشەبەندەکەدا و لە ناوەڕاستی فەرشێکی ئێرانی گوڵ سووری ئەستووردا بە پێوە وەستابوو ، چاوی ئەبڵەقی بە ناو ژوورەکەدا دەگێڕا و لە هەوای فێنکی ژوورەکە سەرسام ببوو .... لە ژیانیدا هەوای وا بەر لەشی ماندووی ڕەقهەڵهاتووی نەکەوتبوو .... خۆی لەدنیایەکی تردا دیەوە ، بەسەر گەدەی بەتاڵیدا کەمێک چەمابووە ، دەستی ڕاستی بەرزکردەوە و سڵام و عەلیکێکی لە سەروک کرد .... وەڵامی نەدرایەوە ، کەمێک ووڕما گلێنەی چاوە ماندووەکانی کردە کوڕە گەنجەکەی تەنیشت سەرۆک ، نیگای پرسیارێکی لەمیش هیچی دەست نەکەوت .. قوڵای چاوەکانی پڕ لە بەزیی کرد و جارێکی تر ڕووی سکاڵاکەی لە سەرۆک کردەوە ٠

ـ بەقوربانی سەرت بم ( مامە ) ، ( کاکە ) ، کوڕەکەم چەند ساڵ پێشمەرگەیەکی ئازاو چالاکی بەڕێزتان بوو ، بوو بە قوربانتان و کوژرا ... واسڵێکی ڕەبەقە ئێمە برسین ، برسێتی هەرەسی بە وورەمان هێناوە ... یارمەتیەک ... خێرێک ، بە ساقەسەری خۆت و منداڵەکانت و گۆڕەکەی باوکت ( بە چمکی فەقیانە چڵکنەکەی فرمێسکی چاو لووتی سڕی ) و هەڵوێستەیەکی بە تکا کانی کرد .... هیچ وەڵامێکی وەرنەگرت ...دوای کەمێک چووە وە سەر دێڕی کوڕوزانەوەکەی ٠

ـ قەزاوەگێری سەرت بم ، چاری مردین لە بساندا ٠

سەرۆک  لە گەڵ گوێگرتنی (  بە پەنجەکا نی دەستی  لە شووشەی سەرمێزەکەی دەدا ) .

ـ ئێمە نەمان ناردبوو بەشوێن کوڕەکەتاندا  ببێ  بە پێشمەرگەمان ، کوژراوە  هەڵەی  خۆیەتی .. ( نیوە ئاوڕێکی  بەلای  چەکدارەکەی تەنیشتیەوە دایەوە  ،  بە ئاستەم و  بەفیزەوە دووپەنجەی لەسەر مێزەکە بەرزکردەوە ئاماژەی  دەرکردنی  دایکە برسییەکەی پێکرد ) .

# خەونەکانی مەسووتێنە

دیرۆکی مردنی بابی نەدەزانی ، بە وێنە ڕەش و سپیە لە شووشە گیراوەکەی قەد دیواری کەلەگێەکەیاندا دەیزانی بابی

پۆلیس بووە . چیرۆک و دیرۆکی مردنەکەی بابی پەڵە ئازارێکی تەڵخ بوو گۆپکەی بیرکردنەوەی منداڵی تاساندبوو .لێی ببوو بەخو شەو تا خەو دەیبردەوە و تروسکایی گڵۆپی کەلەگیەکەیان بواری بدایە لە ناخەوە لەگەڵ وێنەکەی بابیدا دەدوا ، بێنازی باوکی و هەتیو بوونی کەلێنێکی گەورەی لەژیانیا بەجێ هێشت بوو ، تەنکە تۆزێکی ماتەمینی هەمیشەی ڕووی تەنیی بوو قورسایی سینیە گوڵە بەڕۆژەکە تووکەکانی تەوقی سەری بە ناوەڕاستی سەریا ساف و مەڵاسکردبوو ، هێندە لەبەرتیشکی خۆری بەرسینەما و چایخانەکان وەستابوو ، ڕووی وەکی تۆێکڵی گوڵە بەڕۆژەکان دێز هەڵگەڕابوو . بە درێژای ڕۆژ و بەدەم هاواری گوڵەبەڕۆژەوە ، دەنکە گوڵەبرڕۆژەی دەقرتان ، لینجاوی تۆێکڵی گوڵە بەڕۆژەکان ئالقەیەکی ڕەشیان بەدەوری لغاوەی دەمیدا کێشابوو . دەنگی داخستنی دەرابەی دووکانەکان و تەزووی ئازاری پەنجەکانی پێێ و لاقی زەنگی کۆتایی ڕۆژبوو . چەند جارێ سەیری ئەم لاو لای خۆیکرد و چاوێکی بە خەڵکە پەرش و بڵاوەکەی ناو شەقامەکەدا گێڕا و ، پەنجەکانی دەستی کرد بە شەن و بە ناو دەنکە گوڵە بەڕۆژە پەرش و بڵاوەکاندا هانی و گردۆڵکەیەکی لە ناوەڕاستی سینەیەکەدا پێ دروستکرد و پیاڵە پێوانەکەی لە لوتکەی گردۆڵەکەدا چاقاند .سێنیەکەی خستە سەر ناوەڕاستی سەرە ساف و لوسەکەی و تەپڵەکی ژێر سینیەکەی کرد بە قوڵیاو بەرەو ماڵ ڕێکەوت . هێشتا لە پێچی کۆڵانەکەیاندا وەرنەچەرخابوو هاوارو قیژەی کۆمەڵە ژنێک ڕایچڵەکاند ، هەنگاوەکانی تەسک بوونەوە....وردە وردە بە کۆڵانەکەیاندا سەرکەوت ، دراوسیەکان دووان وسیان لەبەر دەرگاکانیاندا سەریان بەیەکدا کردبوو و مقو مقویان بوو . بەتێپەڕ بوونی هەریەکە لە ئاستی خۆیەوە بە بێ دەنگی .ڕوویان لێوەرچەرخان و نیگای بەزییان تێدەئاڵان ، بە سینیە

گوڵە بەڕۆژەکەی سەرسەریەوە بەم لاو لای خۆیدا دەیڕوانی و سەرنجی بەزەیی دراوسیەکانی دەچنیەوە ٠لەبەر ماڵەوەیان خەڵکێکی زۆر پەنگیان خۆاردبووە ، هەنگاوەکانی کورتر کردەوە لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا هەڵویستەیەکی کرد و پاش کەمێک بەئەسپایی و دڵە خورپەوە لە دەرگای ماڵەوەیان نزیک بۆوە ٠ هەر دووتاکی دەرگاکەیان ئاواڵاکرابووە و خەڵکێکی زۆر لە حەوشەو هەیوانەکەیان چڕابوون ...دڕی بەخەڵکەکەدا لە ناوەڕاستی قەڵەباڵغیەکەدا وەستا ٠ دوودەست لە پشتیەوە سینیەگوڵە بەڕۆژەکەی لەسەر داگرت و دوودەستی تریش تەپڵەکەکەی لەشان ڕاماڵی ٠ بەبێ ئەوەی ئاوڕیان لێبداتەوە دەستی بۆ شلکردن ٠ وێنە گەوەرەکەی کاکی لەدەستی ئەم ژن دەگۆێزرایەوە دەستی ئەو ژن ، دەنگی تەپە و لێدانی سنگی ئافرەتانی هەڵدەسان ، پشتی دا بە دیواری حەوشەکەیانەوە دەیڕوانیە سنگ کوتی دایکی و ڕینینەوەی قژی ناسکەی خوشکی ٠

ــ لاشەکەیان لە شیوەکەی پشت شارەوە فڕیدابوو

ــ چەک و فیشەکدان و گشت تفاقێکیان لێکردبووە ٠

ــ خۆا پێم نەگرێ دەڵین خۆیان لە پشتەوە دەست ڕێژیان لێکردووە ٠

ئەم چیرۆکە تیژ ئازارە لەدەمی ئەم ژن دەگوێزرایەوە دەمی ئەو ژن بۆ یەکتریان تەواو دەکرد و مێشکی ماندوو و تاساوی ئەمیان دەبڕی ... ڕۆژانی ماتەمینی و سنگ کوتان کۆتای هات و غەم و پەژارە ببوو بە بەرگێکی سەرتاپا ڕەش و بە باڵای دایکی و ناسکەی خۆشکیدا کرا ٠

بەیانێکی زوو بوو دایکی وەک گەرەکی بێ هێلەکێ نان بکات ، ئاوا تەنوورەکەیانی لە تەختە کۆن و چیلکەو دار پڕکرد و ئاگرێکی پێوەنا ... کلڵپەی ئاگر و دووکەڵ لە دەمی تەنوورەکەوە بەرەو بنمیچەکە شەپۆلی دەدا ..... لە ژێر دار و پەردو و گۆێنیە کۆنەوی سەرتەنوورەکە ئالقەی کۆنە سندەقێکی ژەنگاوی ڕاکێشا و لە تەنیشت تەنوورەکەوە داینا ٠ پێستی گۆپە قوپاو چرچرەکانی پڕ لە هەواکرد و فویەکی لە تۆزە نیشتوەکەی سەر سندوقەکە کرد و چمکێکی فەقیانەکەی شلکردەوە و ملی کلیلێکی باریکی گرت و کردی بە دەمی قفلی سندوقەکەدا و ئەلقەزێڕەکەی ترازاند و سەرەکەی ئاواڵاکرد ٠ کۆمەڵی پەرتووکی ڕێک

وپێکی سەفتەکراو تۆزاوی تێدابوو .... گلێنەی چاوەکانی بەرگی فرمێسکێکی تەنکی پۆشی و یادی شەوی حەشاردانەوەی پەرتووکەکانی هاتەوە ٠

شەویکی تاریک بوو خشەی گەڵاوەریوەکانی دەمی کزەبای پایزی حەوشەکەو چرپەچرپی خۆیان نەبێ هیچ دەنگیی لەو شەوە خامۆشەدا نەدەبیسترا ٠ خۆی تووند و تۆڵ پێچابووە ، پۆتینێکی بن ئەستووری لە پیدا بوو ، جامانەیەکەی لەمل ئاڵاندبوو ، کۆمەڵی پەرتووک و سندوقێکی دەم کراوەیان لە بەردەمدا بوو ....یەک لە دوای یەک پەرتووەکەکانی لەناو سندووقەکەدا بەڕیز و سەفتە دایدەنا ٠

ــ دایە ئەم پەرتووکانە مامۆستای ژیانی منن ... تکایە ئاگات لێیان بێ ...

ــ تاکەی کوڕم ......؟؟

ــ تا ئەو کاتەی ئازادی خوێندنەوەیان دەهێنمەوە !

ــ کوڕم پەلەت چیتە ..؟؟

ــ دەبێ ئیمشەو شار بەجێبهێڵین .... هاکا هاوڕێکانم بە شۆینما هاتن ،

بەرگە فرمیسکە تەنکەکانی چاوی بوون بەچەند دڵۆپ فرمێسک و بەسەر ڕوومەتە چرچە کانیا هاتنە خوارەوە .... پەنجەی دەستێکی لە قەراغی پەرتووکیک گیرکرد و لە ڕیزەکەی ترازاندی و بەئەسپایی ناوەخنەکەی پشکنی و ، دوای کامێک ڕامان فڕیدایە ناو کڵپەی ئاگرەکە ، هێندەی قورسایی پەرتووکەکە پرشکی ئاگر و وورده خۆڵەمێش و دووکەڵێکی تەنک بۆ سەروە کشان ٠ چاوەکانی لە ئاستی گڕی پەڕەکان ڕاگرت ، تا بەتەواوەتی سووتان و ڕەش هەڵگەڕان بە سووتوی تلیسانەوە ، یەک لەداوی یەک پەرتووکەکانی فڕیدەدایە ناو کڵپەی ئاگرەکەوە ... وێنەی بەرگی پەرتووکێکی قەبە هەڵوێستەیەکی پێکرد و قوڵپی گریانێکی کەمی لەناخدا تەقاند و لەگەڵ هەنسکیدا قوتیدا ...سەیرێکی وێنەی بەرگەکەی کردو ٠

ــ دایکت کوێر بێ ... ئا ئەم کەللەزللە قژنە کوڕەکەمی شێتکردبوو ، تاخەو دەیبردەوە و لەناوجێگەکەیدا دەیخوێندەوە ٠

بەتوورەیەوە  فڕیدایە ناو ئاگرەکەوە٠ ژمارەی پەرتووکە بەرگ سوورەکان لە ناوەڕاستی سندوقەکەوە دەستی پێکرد ، ئیتر  چاوەڕی بەخۆڵەمیش بوونی  پەرتووکەکانی نەدەکرد یەک لەدوای یەک فڕییدەدانە ناو تەنوورەکەوە ، بەرزای  کوڵمەکانی و سەری لووتی  بەگەرما و کلّپەی ئاگرەکە گەرم هەڵهاتبوو ٠ چاوێکی  بەدەستە ڕاگاویە ڕەقهەڵهاتووەکان و ڕووەگرژەکەی دایکیدا گێڕا و  سەرێکی بەئاستەمی  بۆ ناو تەنوورەکە لارکردەوە و بە باڵای پەڕەکانی  ناو کلّپەی ئاگرەکەدا ڕوانی ووشەکان وورده ووردە ڕەشهەڵدەگەڕان و پەڕەکان لاواز دەبوون و بەسەر یرکتریدا دەتلیسانەوە و دەبوون بە خۆڵەمێش .... دایکی دوا پەرتووکی  فڕیدایە ناو ئاگرەکە و  دەرگای سندوقەکەی  لێکنا و ئاوڕێکی  لە کوڕە بچوکەکەی دایەوە و خستیە  ژێر باڵیەوە  هەردووکیان بە بێ دەنگی لە کلّپەی ئاگرەکەیان دەڕوانی ، نەرمە ماچیکی سەری کرد و  بەزمانی سۆز و پاڕانەوە  ووتی .

ــ  تاقە کوڕە بچکۆلەکەم ...... نەکەی  قاچت  لە چلّکاوی  سیاسی ئەوە دووانە بخشێنی ! ٠

# یەکەم ماچ

تەنیاسرپەی هەناسەیان دەبیسترا .... کەنەفتی ناو جێگەی نووستن و ماندووی شەوی ڕابووردوو جەستەی لە جوڵە خستبوو ، بەئاستەم خۆی جوڵاندو بە تیلەی چاو خەواڵوە ئاوساوەکانیەوە ڕۆانیە ڕووناکی پەنجەرەی سەرباخچەکەی بەرماڵیان ، ڕۆژ ڕووناکەو کاتیش درەنگ ، ماندوویی و تێر خەونەبوونی زیاتر لەناو جێگەکەیدا هێشتیەوە و بۆ تاوێک چاوی لێکناو باڵەکانی لە باڵای ڕووتی هاوڕێ قژزەردەکەی ئاڵاندوو بەسۆزەوە نووساندی بە خۆیەوە · ماچێکی ئاسایی و ناسکیی گۆنایکرد و ئەویش بەدەم خەوەوە خۆی خزانە باوەشیەوە و چەند جارێ بەسەر جوڵاندن جێگەیەکی ئارامی لە سەر سنگە تووکاویەکەی دۆزیەوە و لەیەک ئاڵان ، خۆیان لەناو کۆمەڵی پێخەفی سپیدا مەلاسدا ، سرپەی هەناسەیان تێکەڵاوی یەکتر دەبوو ، چووە قوڵایی خەوێکی نەرمەوە ، لە ناو خەوە سەوزو ئەرخەوانێکاندا بە ئارامی دەژیا .... دەنگی گەورەی زەنگەکانی کەنیسەکەی نزیک ماڵیان گۆمی خەوەکانی لە بەر چاو شڵەقاند ، زنجیرەی وێنەکانی لەبەرچاو ژاکان و بە ئاگایهانیەوە و لە قوڵای خەوەکان ڕاپەڕاند · هەستی بەسڕبوونی باڵی ژێر شان و ملی هاوڕێکەی کرد ، بەئاستەم قۆڵی لەژێر ملی هاوڕیکەیەوە دەرهانی و لە ناو جێگەکەی هاتە خوارەوە ، پڕ بە ئەندازەی دەمی باوێشکێکی داو چەند جاری باڵەکانی ڕاست و چەپ ڕاوەشاندو ووزەیەکی کەمی بە ئەندامە سستەکانی لەشی دا · دیمەنی گەڵای زەردی درختەکانی باخچەکە ، تیشکی زێڕینی خۆر ، هەوای پاکی بەیانیان سەرنجی بۆ دەرەوە ڕاکیشا و حەزیدەکرد پڕ بە قەبارەی سیەکانی

هەواییپاک هەڵمژێ ٠ وەکو لە چاوەڕوانیەکی سەختدا بێ بە تەواوبونی زەنگی کەنیسەکە ، هەردوو تاکی پەنجەرەکەی یەکالاکردەوە پاڵی بە هەوای پەنگ خۆاردەوە بووی ژوورەکەوە ناو هروژمی هەوایەکی پاک و سارد لە جەستەی ڕووتی ئالاو هەستی بەووزەیەکی تازەکرد ....هەوا ساردەکە لە شان و ملە ساف و بێگەردەکەی هاوڕێکەی ئالا و خستیە جووڵە و لە ژێر لێفەکەدا خۆی گرمۆڵەکرد ٠ تەنیا بەشێک لە قژە زەردە خاوەکەی بەسەر سەرینەکەدا پەخش مایەوە .... شانی لە قەراغی پەنجەرەکە داناو سەرنجی لە دیمەنی باخچەکەدا ٠

لەڕۆژانی یەک شەممەدا ئەم وولاتە لە گۆمێکی وەستا وەدەچێ ، هەندی پیرێژن لەگەڵ سەگەکانیاندا پیاسەیان دەکرد و خۆیان لە بەرگێکی ئەستووردا پێچابووە ... هەستی بەسەرماو لەرزێک کرد و باڵەکانی لە خۆی ئالاند و لە گەڵ بەربوونەوەی چەند گەڵایەکی زەردی درختەکەی ناو باخچەکە و لەرزەکەیدا خۆی لە ناو دەریای ئەندیشەیەکی قوڵ و دوورا بینیەوە و بۆ چەند ساڵێک مێژووی گەڕاندەوە دواوە ٠ بۆ یەکەم دڵداری و مێبازی کۆڵانە کانی مەڵکەندی ..... ڕۆژی چەند جار لەسەر کۆڵانەکەی خۆیان بۆ تەنیا بینینی نیگایە ، سڵاو و زەردەخەنە و بزەیەکی لێوی ( شیرین ) دەوەستا ، لە وکاتەدا دەژیا کەهەموو جیهانی لە چاوی شیریندا دەبینی ، بزەیەکی لە بەر خۆیەوە کرد و خۆی لە ئاوێنەی هەڵوێستەکانی ڕابوردوودا بینیەوە

نیوەڕیەکی گەرمی هاوین بوو بۆ یەکەم جار لەسەر تەنوورەکەیان لە نزیکەوە بەرامبەری وەستابوو ، هەمو گیانی کەوتبووە لەرزین ....تەقەی دانەکانی دەهات ، نمە ئارەقی وورد ناوچەوانی تەڕکردبوو ، لێوەکانی ووشک هەڵهاتبوون ، نەیدەزانی چی لە لەرزەو گلاراوی پەنچەکانی دەستی بکات ، لە تاواندا چاری نەما خستیە پشتیەوە و بەبێدەنگی بەرامبەری وەستا و لە ناو چاوانی یەکتریدا ڕووابوون ٠شیرین زەردەخەنەیەکی بەڕوویدا پژاندو هەر دوو دەستی لە ملی ئالاند و پاژنە خرپنەکانی بەرزکردەوە لەسەر نووکی پێکانی وەستا و بە ئەسپایی لێوەکانی بۆ لای لێوی هانی ..... ترس و خورپەو شەرم و لەرزەی لێدوور خستەوە ، کەمێک دانەویەوە بەکۆڵەوە بۆ یەکەم جار و

یەکەم ئافرەت و باڵا کوڵە خرپنەکەی شیرینی لە باوەشگرت و یەکەم ماچی لە ژیانیدا کرد ، بەحەزیکی نەوساویەوە کەوتە مژینی لێوەکانی و تێر بۆنی شامپۆی قژی هەڵمژی و بەماچ بە گەردن و لاملیدا شۆڕبۆوە ، وەکی منداڵێکی لاسار و برسی لە سنگی ماکسێکەیەوە مەمکە نەرم و خرپنەکانی دەرهانی و گۆپکەکانی خستە دەریای حەزی دەمیەوە ، شیرین یش لە تاو تەزوەکانی حەزی گشت جەستەی ببووە پشکۆیەکی حەزو دەیویست لەشیان تێکەڵاوی یەکتری بکات و بەسۆزەوە سەری بەسنگیەوە گیر کردبوو و حەزی لەناو دەمیا دەتواندەوە ٠

لەرزین و سەرما زۆری بۆ هانی و گەڕانیەوە بۆ ناو ژیانی ڕاستەقینەی ژوورەکەی و سەرنجی گۆبزایەوە بۆ لای هاوڕێ قژ زەردەکەی و زەردەخەنەیەکی نەرمی کرد ، ئاهێکی بۆ ڕابووردووی بەناو ژوورەکەدا کێشا ، دەستەکانی بەناو قژە ڕەشە ئالۆسکاوەکەیدا هانی و بەناوی دووهەمیەوە بانگی هاوڕێ قژ زەردە ئەڵمانیەکەی کرد ٠

ـ شیرین ( ئیس ئیس زۆ شپێت )

واتە شیرین درەنگە

براو و هاوڕێ ئازیزم کاکە جەزا چنگیانی

سڵاو و ڕێز و خۆشەویستی .. نامە وچیرۆکەکانتم پێگەیشت .. بەڕاستی شادمان بووم.. ئەو زانیارییانەی سەبارەت کتێبەکەی ( هەیکەل ) نووسیبووت مایەی ڕامان و تێبینی وورد بوون .. کاکە جەزا گیان میللەتان هزرڤان و جوامێرە ڕۆشنبیریان هەیە و ئیمەش میللەتکوژ و وولات کاولکەر و هزرڤان خنکێنەرمان لێ بوونەتە مۆتەکە .

چاوەکەم کاکە جەزا

چیرۆکەکانم خوێندەوە .. بەڕاستی پێخۆشحاڵ بووم و مایەی شازیمانە کە ئەو کاتە کەمەی هەتانە بەو جۆرە خستووتانەتە پێناوی و ووشە و بیری پێشکەوتخۆاز و بەو جۆرە ئەندیشەیەوە لە هونەری چیرۆکی کورتدا هاتوویتەتە مەیدان و هیوادارم بەردەوام بیت .. چونکە گەلێ ڕووم تێدا

بەدیکردن کە بەڕاستی لەخانەی نهێنی پیشەی کورتە چیرۆکنووسیندان و تۆ پێڕەوت کردوون ٠

بێگومان من بەم پەلەپەل ناتوانم پێشەکی کۆمەڵە چیرۆکەکەت بۆ بنووسم و ئەمە بەئەرکێکی گەورە دەزانم و ماوەییێکی موناسیبی پێویستە.. بەڵام بەم نامەیەهەندی تێبینی و باری سەرنجی خۆمت دەربارەیان پێشکەش دەکەم ٠

ئەم هەل ومەرجەی ئەمڕۆی میللەتەکەمان بەناچاری جۆرە ئەدەبێکی بەسەردا سەپاندووین کە گوزار لە ژیان و گوزەران و ئەندیشەکانی کەسانێکی کوردی دوورە وڵات بکات لە شیعر وچیرۆکدا ئەمە بەزەقی دیارە .. بەهەردوو شیوازەکەوە .. چ وەک ئەوەی لە هەندەرانەوە ئەدەبی پڕ لە ئەندیشەی نێو کوردستان بنووسن و چ وەک ئەوەی ڕووداوەکانی دەرەوە وناو خۆ تێکەڵ بکەن جار جاریش هەر بەتەنی شیوازی ژیانەکەی هەندەران و گێرمەو کێشەکان ٠ هەر بابەتە نووسین و تۆژینەوەی وردی گەرەکە .. خۆت دەزانیت چامەکەی نالی بۆتە بنەمای چەند داهێنانە لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی ! حالەتی ئاوێتەکردنی موعاناتی نێو کوردستان و هەندەران لە سێ چیرۆکدا بە ئاشکرا ڕەنگیان داوەتەوە .. بە تایبەتی لە ( ترس ) دا کە .. ئیماژەی وردی تێدایە بۆ نەبوونی ڕاستگۆیی و خۆشەویستی لە نابوتخانەیەکی وەک کوردستاندا ، مەگەر تاک وتەرا بگەنە ئەوئاستەی ئەڤینی حەقیقی دەیخوازێت ... بە واتاییێکی دی ئاستە مرۆڤایەتیە ڕاستەقینەکە ٠ هەروەها لە چیرۆکی ( یەکەمین ماچ ) یشدا ... هەردوو ( شیرین ) ی ئێرە و ئەوێ تێکەڵ بە یێکدی دەبن و ، لە کوردستان پێکگەیشتنەکان هەموو بە دڵە ڕاوکێ و لەرزەوەیە و لە ئەورپاش بێ ترس .. هەروەکو کوردستان جێگەییێکی ڕاڕاو قلق بێت و ئەوێ جیێ چەسپاو و حەقیقی ئەڤین .. بێگومان دەبوایە بە پێچەوانەوە بوایە و ئەو لا قلق بوایەو ئێرە چەسپاو .. گەرچی هەریێکەشیان تام و موچرکە و حاڵە تە ئینسانییە تایبەتەکەی خۆی هەیە ، لەوانەیە ئەو ( یەکەمین ماچ ) ە ی ئێرە بەرامبەر هەزارەها یەکەمین ماچ و کردەی سێکسی ئەوێ کاریگەرتر بێت .. بەڵام ئاخۆ چی لەم دەڤەرەدا وایکردووە ئێمە لە پەیوەندی نیوان نێر و مێدا ببینە ( جێگەی

مـــۆڵەق ) ؟! ئەمـــە خـــۆی لە خـــۆیدا دیراســـیـــێکی وردی دەوێت و لە چیرۆکەکانی دیکەتدا هەندی ئێماژەت پێداون ٠
چیـرۆکی ( چوار نان ) یش دەچێـتـە هەمـان خـانەوە .. کـەچی ئەمـیـان حاڵەتە سێکسی یێکانی وەک دوانەکەی دی تێدانییە .. دەبێت کەمێک لەسەر ئەمەیان ڕاوەستم .. چونکە پێوەندی بە هونەری چیرۆکنووسینەوە هەیە و دیارە لێ غافڵ بوویت ئەو نامە پچڕپچڕە بۆ هی ( فەرهاد تەپە ) بێت .. ڕەنگە ڕووداوێکی ڕاســتــەقــینەش بێت بەڵام ئەی خــەیاڵ ؟! ئەندیشە ؟! هونەر ؟! کاکە جەزا گیان ! تۆ لە سەرەتاوە خاتو ( بغێگیتا ) ت هێناوە باسی چۆنیــەتی دەرکــردنی دەکـەیت لە کــارەکـەی لەکــاتی نەخۆشیـدا ...ئەی هەر خۆت داوای لێدەکەیت پێوەندیتـان نەپچڕێت .. زۆر بەئاسانی دەتوانی ئەم کرێکارە دەرکراوە .. بکەیتە خاوەنی نامەکە .. یان هەر کرێکارێکی دی ، یاخوت هەر باست نەکردایە .. چونکە بوونی ( بغـێگیـتـا ) و نەبوونی لە چیـرۆکـەکـەتدا لەم حـالەتەدا هیـچ لەمـەسـەلەی خێزانە کوردە برسی یکە ناگۆڕێت ..×
بەڕاسـتی چیـرۆکی ( چیـمـەن ) دەسـتـخـۆشـانە و ئافـەرینی گـەرەکـە ..چەند بە ووردی وێنەی ئەو زەماوەندەت کێشاوە کە سەدان ساڵە وەک داب و نەرێتێکیی کوردەواریی پێڕەو دەکرێت و لەهەمان کاتیشدا چۆن ئەو کـارەسـاتانەت هۆنیوەتەوە ؟! بەتایبـەتی لە ناسکتـرین کـێشـەی ئافـرەتی کـوردا و چەند بۆیرانە ئەو تاوانە بێـمروەتەت خسـتـۆتە ڕوو .. کە مـایەی شوووورەیی و سەرشۆڕییە بۆ نەوەکانی ڕابردوو وئێستاش و تا ئەو کاتەی ڕیشە کێش دەکرێت .. دەتوانرێت بە جۆرێک لە جۆرەکـان لە گەڵ ڕۆمـانی (ڕووداوەکــانی مــەرگــێکی بانگەشــەبۆکــراو ) ی گــاســیــامــارکــیــزدا بەراوردبکرێت ، بە جـیـاوازیی نیـوان ڕووداوەکـانەوە ... لە ویاندا لەسـەر هەمـان کێشـە ( سـانتـیـاگـۆترا ) کە ئاگای لە مـەحموودی بێزەوانیـیە دەکوژرێت لە میاندا ( چیمەن ) کە لە ئەنجامی پاکیزەیی خۆیدا لەسەر ( بێ بن ) بوونی دەکوژرێت ×× .. ئەم چیرۆکە نووسینی زۆر هەڵدەگرێت ٠
( ئاوێنـە ) چیـرۆکـێکی سەرکـەوتووە .. بە ووردی پەنچـە بۆ گـەندەڵی بیرو بۆ چوونی خێڵـەکیـانە بەرامبـەر ئافـرەت ڕاکێشـراوە .. ( نـەرمـین ) نمـوونەی هەزارانـە کـە نەفـرەت لەپیـاوان بە گـشـتی دەکـەن لە سـەر بیـر و

بۆچوونی گەندەڵیان بەرامبەر نیوەکەی دی کۆمەڵگە ...بەرامبەر یاسا گەندەڵەکان .. کە کاری نێومالْ نەک بەکار نازانرێت . بەڵکو لە گەلْ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی نێو ماڵدا و ئەرکە تایبەتی یێکانی براو و باوک و میردیشدا هێشتا لێدان و سوکایەتیپێکردن دەکرێتە سەربار .. بەهەر حالْ دوایی لە ڕێگەی وروژانی سێکسەوە یاخوت سەرەتایەکی خۆشەویستێوە ( نەرمین ) لە بۆچوونە موطلەکەی پەشیمان دەبێتەوە و تێدەگات کە ( پیاوان هەموو وەک یێک نین ) .

پێم وایە موبالەغەیەکی زۆر لەم چیرۆکەدا هەیە .. هەڵبەت بەو مەبەستەیە کە کێشەکە زەق و لەبەرچاوتر بخرێتە ڕوو .. بەڵام ئەم دووتێبنییە دەردەبڕم

١ ) دەکرا و پەسەند تریش بوو .. ( نەرمین ) سووکە پێوەندی یێکی لە گەلْ خوشک و دایکی ( هوشیار ) ی دراوسێیاندا ببوایە وە .. لە ئەنجامی ئەو دا بۆی ڕوون ببوایەتەوە کە لە وخێزانەدا ئافرەت کارەکەرێکی سووک و تێهەڵدراوە نییە و .. برا و باوک و مێرد مامەلەی مرۆییانە لە گەلْ ئافرەتدا دەکەن و ئەمجا پێوەندی سۆز و ئەڤین لە نیوانیاندان دروستبوایە ...

٢ ) موبالغەیێکی زۆر لە بەیێک گەیشتنی ( نەرمین ) و ( هوشیار ) دا هەیە .. بەتایبەتی لەو شارەردا و لەبەر سەرکوتکراو هێندە خێرا گەیشت

موچرکەی سێکسی کە ژنانی ئەم دەڤەرە بە ملێونەهایان دوای شوکردن و دڵنیایی تەواو و پاش مووەدەتێکی زۆر ئەمجا دەزانن سێکس چییە و کەمە لەزەتێکی لێدە بینن .. جێگە و کاتەکە زۆر مۆلەق و نەچەسپاوە بۆ ئەو حالەتە .. خۆ ئەگەر لە ژووریکی مالْی هوشیاردا بوایە هەر بەجێتر بوو .

( شێخ تەها ) .. دیمەنی ژیانی پڕ لە کوێرەوەری ئافرەتانمانە و هەروەها پیاوانی بێبەری لە هەموو سیمایکی شارستانێتی .. شێخ گوزەرانێکی پڕمەینەتی و برسێتی برسی لێبڕیوە .. کە دێتە مالەوە چی بەرامبەر کراوە بە جۆرێکی دی و بەزیادەوە بەرامبەر ( زەینەب ) ی ژنی دەیکاتەوە .. تا ئەو ڕادەیەی بە دووگیانی ( زینەب ) لە ئەنجامی

لێداندا دەمرێت .. ئەم جینایەتانە لێرەدا ناچنە خانەی تاوانەوە .. پیاو وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت و ( ژنێکی دی دەهێنێت ) .. لێرەدا تەنیا پەنجە بۆ مێردە تاوانکارەکە ڕانەکێشراوە ، بەڵکو سەرتاپا سیستمێک خراوەتە قەفەزی تاوانکارییەوە کە داب و نەریت و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و ئایینین و لەسەرڕووشیانەوە باری ئابووری و ئاستی داتەپیوی گوزەران ٠

( خەونەکانی مەسووتێنە ) کورتیلە چیرۆکێکی جوان و نیشاندانی حاڵەتێکیی نا ئاسایی ژیانە .. کتێب لە هەموو جیهاندا سایەی شارستانێتی و هوشیارکردنەوەیە ...لای ئێمە بە ناچاری تەندووری بۆ دا دەخرێت و دەستێنرێت ..جا ئیتر لە بەر ئەوە بێت کە هەر ڕۆژەی جۆرە کتێبێک قەدەغەدەکرێ و خەڵکی لەسەری تیرۆر دەکرێت یاخود هەناسە ساردی ژیان و جینایەتیەکان وات لێدەکات نەزانیت قینی دڵت بەچی بڕێژیت ؟!

بەکتێب چونکە لە وانەیە ئەو کتێبانە بووبنە مایەی ئەوەی برای گوڵە بەڕۆژە فرۆشەکە بکوژرێت و لاشەی لە سەرجادە فڕێ بدرێت ... دیارە پیاوکوژان هەردەم خەشی خۆیان بە خوێندەواران و ڕۆڵە هۆشمەندەکان ڕشتووە بەزۆری قوتابی فاشیل و لە خوێندن هەڵاتوو بوون و ە ڕۆشنبیرێکیان دیبێت دەمانچەکەیان خستۆتە سەرپێ .. بۆیێ ، ئەم منداڵەش بە پەلە دەکەوێتە وێزەی کتێبەکان ××× بەڵام ئایا جوانتر نەدەبوو ئەگەر پەڕە پەڕە کتێبەکانی بدڕاندایەوە بیکردنایە بە لوولەی گوڵە بەڕۆژە فرۆشتن ؟!

( تراژیدیای دایکێکی برسی ) هیچ لەسەر ئەم چیرۆکە ناڵێم .. ئەوەندە نەبێت کار لەوە دەرچووە دایکانی پێشمەرگەی شەهیدکراو ڕوویان بێت باسی شەهیدەکانیان بکەن و تێکۆشان و قوربانی و هەڵوێست و بەها مەزنەکان ئیستا کە شەرمەزرییە باسیان بکرێت . و تەنانەت نازانم چۆن ئەم دایکە گەیشتۆتە ژووری ئەو مسوولە گەورەیە ؟! ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوەیە ئەگەر خوشک یا ژنی شەهیدێک.. ئارەزووبزوێن بن .. ئەوا شەوانە ڕۆژ ..وەک عیادەکان هەر لە پاڵ لێپسراوەکاندا کاردەکەن و دەنوون و پێویستیان بە نان نەماوە ..دەنا ئەو دایکە پەککەوتەیە هەرگیز

ناگاتە بەر دەرگەیان ٠

ئەندامانی ( سەنتەر ) سلاو و ڕێزیان هەیە

لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێز و خۆشەویستی براتـــدا

ڕەوف حەسەن ١٦ ، ١ ، ١٩٩٧

× چیرۆکی ( چوار نان ) من باسی خێزانم نەکردووە بەڵکو بەهۆی دەرکردنی ( بغێگتا ) ه وه ترسی دەرکردنی کرێکارە سەڵتە کوردە کەم ئاشـراکـردووە و جگەلەمـەش دەرکـردنی ( بغـێگیـتـا ) لایەنێکی نا مرۆڤـانەی یاسـای کار نیـشـان دەدا بەتایبەتی کرێکاری ( ئافـرەت ) ، ( بغێگێتا ) ش نەخۆش نەبووە بەڵکو وەکی هەموو ئافرەتان مـانگی جاری خوێنی دەبێ و لەکاتی خوێن بوونیـشیـا تووشی سەر ئێشە و بێوزەی دەبێ .

×× چیرۆک ( چیمەن ) چیمەن ( بێ بن ) نەبووە بەڵکو پەردەی کچێنی لە قوڵایەکی نائاسیدا بووە ئەندامی نیرینەی ( حەمـاتاڵ ) یش وەک پێویست نەیگەیشتۆتێ ، ڕاپۆرتی پزیشکی یاسایش هەروادەڵێ .

××× چیـرۆکی ( خـەونەکـانی مـەسـووتێنە ) منداڵە گـوڵە بەرۆژە فرۆشەکە کتێبەکان ناسووتێنی بەڵکو دایکەکە یە .

**سوپاس و پێزانینم بۆ ئەو بەرێـــزانەی لە بەرهەمهێنانی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەدا کۆمەکیان کردم**

١ ) هاوڕی مـامـۆستـا ( ڕووف حـەسـەن ) ی چیـرۆک نووس بۆ سەرنجەکانی
٢ ) هاوڕی ( ئەنوەر مـحــمـد ) ی چیـرۆک نووس بـــۆ هەندی سەرنجی
٣ ) هاوڕی ( عـبـدالقـادرسـەرچناری ) ی شـــــاعـیـر بۆ هـــاندانی
٤ ) هاوڕی ( فـازل قـەساب ) ئەرکی پێگەیاندنی ئەم بەرهەمەی هەڵگرت